ئەم ئەزموونانە وەک بەشێک لە سۆز پێشکەشە
بە دوو جگەرگۆشەکەم (نیارا و نارۆ) بەو
هیوایەی سبەی نەبمە جێی شەرمەزاری ئێوە...

دڵشاد

سەرەتای ئەم هەنگاوانە بەخەون دەچون چونکە پێشتر وەک پرۆژەی ناســین و بەرهەمهێنانی گوتارێکی شــانۆیی قۆناغێکم لەئەزموون تێپەراندبوو، تارادەیەک ترسم لە ناونانی پرۆژەکانم شــکابوو، وەلێ ئەزموونی مۆنۆدراما ســەرەتایەکی تا رادەیەک گران بوو بۆ من چونکە هەمیشە لەو گفتوگۆیەی نێو نێوەندەکانی نوسینی ئەم فۆرمە لەخۆرئاوا ورددەبوومەوە و لەوە رادەمام کە ئەوان هێشتا بەگومانن لەوەی ناوی بنێن دەقی شانۆیی، هاوکات لەگەڵ ئەوەشــدا ئەزموونی مەزنە نوسەرانی نموونەی چێخەف و بیکیت هەبــوون کە بەدڵنیای خەڵکانێکی زۆر سەرســامی ئەو بەرهەمانە بوون.

بۆمــن وەک کوردێکی ئــەم پارچە جوگرافیــەی دنیا کە لەو رۆژگارەدا لــە بەندەنەکانەوە خۆری تێ نەدەکەوت و هەمیشــە کاراکتەری کوردی بێ دەنگ و بێ دەرەتانیش بەو هەموو مەینەتی و ئاریشەیەوە بەبەردەممدا دەهات و دەچوو بۆ بوارێک وێڵ بووم تــا لەنێویدا ئەو کاراکتەرە بهێنمە قســە، هیــچ نەبێت دەرفەتێکی بۆ برەخســێ گوزارشــت لەخۆی بکا لانی کەمی پرســیارەکانی لــە بوون و ژیانی خۆی بخاتە روو. لــەو کاتەدا مۆنۆدراما وەک باشــترین کایەی گوزارشــتکردن لەخود هاتە پێش چاو، چونکە کاراکتەرەکــەی نێوی هەم لەگەڵ خودی خــۆی _کە ئەمە بەڕای یەکێک لەگرنگترین پێداویســتیەکانی کاراکتــەری کوردیە_ هەم

لەگەڵ ئەوانی تر کە ژیانیان لەگەڵ بەش دەکات دەکەوێتە دیالۆگ، لێرەوە ئاسانتر دەتوانێت گوزارشت لەرۆحی ئەو سەردەمەبکات و ببێتە نوێنەرێکی دروستی دۆخی بەرفرمان خراو.

کەرەســـتەی زێـــدە هاوکاری مـــن لەم دەقانـــەدا زمانە وەک نێوندێکـــی گرنگـــی پەیوەندی لەگـــەڵ بەرامبـــەرو ناردنی پەیام لەلایەک و وەک بونیادێکی گرنگی نێو پرۆسێسی بەرهەمهێنانیش لەلایەکـــی دییـــەوە کاری دەکـــرد. دەبـــوو فەزایەکـــی جیاوازتر و کراوەتـــر بدۆزمـــەوە بۆ ئـــەو یاریانەی من دەیخـــوازم زمان لەنێویاندا کاراکتەرێکی سەرەکی و ئەکتیڤ بێت، ئیدی لێرەوە ئەم گیانبازیانەم دەســـت پێکردو، وەک هەوڵ خستومنەتە بەردەستی خوێنەر ئیـــدی ئەو بۆخۆی سەرپشـــکە چـــۆن مامەڵیان لەتەک دەکات.

گەلێـــک جار هەندێک رام بەرگوێ دەکەون و لەوە دەدوێن کە زمانی ئەم دەقانە شـــیعرین و بەزمانێکـــی درامی ناچن، هەندێک جار دەچمە یەقینی ئەوەی گەر نوسەری ئەم دەقانە من نەبم یان کوردێکـــی دی نەبێت رەنگە پێشـــوازییەکی گەلێک گەورەیان لێ بکرایەو ئەو جۆرە بیـــرورا نێگەتیڤانە بەبەردەمیاندا نەگوزەرایە، تەنها قسەی من لەو پێناوەدا ئەوەیە ئەی نوسەرانی سەرەتای ئەم ژانرە بەشیعر دەقەکانیان نەنوســـی، ئەی شکسپیر بەکامە زمان گوزارشت دەکات؟!. ئەوەی بۆمن گرنگە ویژدانی ئەو خوێنەرەیە کە بەرایەکی پێشوەختەوە نەهاتووەو دەخوازێ کاتێک خۆی بەم هەوڵانەوە ماندوو بکات.

## گۆرانی تەنیایی

### جوولەی یەکەم
### دڵ بەچیت خۆشکەم ژیان

ماڵێکی دڵگیر..رازاوە بەکەلوپەلی فۆلکلۆری.. مێزێکی درێژی نان خواردن و چەند کورسیەک. کۆمەڵێک مۆم لەسەر مێزەکە دانـراوە.. کورسیەکی (هزاز) لەسوچێکدایە. کۆمەڵێک تابلۆی جۆراوجۆر بە دیوارەکانی ژورەکەدا هەڵواسراون سەعاتێکی

گەورەی کۆن و ئاوێنەیەک.ژنێک لەناو تاریکییەوە دێت بەرەو مۆمەکان دایاندەگیرسێنێ و پاش کەمێک روانین لەبینەران دەچێتە سەر کورسییەکی تاکی بەردەم مێزەکە دەمو چاوی پڕە لەبێزاری و توڕەیی... سەعاتەکە دەست دەکات بەلێدان، سەعات یانزەو نیوی شەوە.. ژنەکە تەماشای سەعاتەکە دەکات، پاشان لەمۆمەکان دەروانێت.

**ژن**: (بەهێمنی) خوایە هێندەم هێز بدەرێ لەم وەحشەتەدا ترس بەگیانم فێر نەبێت.. من بێ هیواییم خۆش ناوێ.. بۆیە دەمەوێت بەرگەی سەنگی ئەم ئازارە بگرم. ((بێدەنگی، چرکە چرکی سەعاتەکە بەردەوامە، ئاوڕی بۆدەداتەوە)) هێوربەرەوە.. هێور ئەی زەمەنی بەدفەڕ تادەتوانی هێمنترتێپەڕە. من هیچ کاتێک بە هێندی ئەمشەو پێویستم بەتۆ نەبوە.. هێمن تێپەڕە. هێمنتر لە شەماڵی بەیانییەکی بەهار ((بێدەنگی – چرکە چرکی سەعاتەکە بەردەوامە)) (توڕەدەبێت) بەقسەم ناکەیت..ها.. بۆنا..جابێ لەتۆ کێ گوێ بیستم بوە. تۆش هەقتە.. هەقتە.. دەی تێپەڕەو جاڕ بەجەهەننەم.. بەڕاستم نەبوو ئەوسا.. هیچ پێویستیم بە تۆ نییەو هەر بیریشت لێناکەمەوە.. راستە من چاوەڕوانی هاوەڵەکانم دەکەم بەڵام.. دەی بۆ ئەوەندە لەگەڵ تۆ.. خۆم خەریک دەکەم ((تەماشای رۆژنامەیەک دەکات لەسەر مێزەکە دانراوە..

دەستی دەداتێ)) باشترین کارکە بەکەڵکی کات بەسەربردن بێت خۆخەریک کردنە بەخەێندنەوەی رۆژنامەوە. مامۆستا.. کەی.. مامۆستاکەی زانکۆمان. ئای چ رۆژگارێکیسەیربوو گەنجیمان ئەوبوو هەمیشە دەیوت بەئاواتەوەم رۆژێک رۆژنامەیەک لەنیو سەعات زیاتر خەریکم بکات. تائێستا نەمدیوە. منیش اەوەندە زیاترم نـاویێ.. نیو سەعات و هیچی تر.. ((دەسـت دەکات بە خوێندنەوەی رۆژنامەکە، پاش کەمێک تەماشاکردن دەگاتە دوالاپەڕە، بەگاڵتە پێکردنەوە))

**ژن:** هونەرمەندی لێهاتووی گەل لە دەرەوەی وڵات لە عیشقی نیشتمان دەدوێ. ها.. ئۆف.. چ سەیرە ئەم دنیایە.. پێم بڵێ ئەی هونەرمەندی گەورە چۆن بوو بیرت لەنیشتمان کردەوە..ها.. دەی قسە بکە تۆ هونەرمەندی لێهاتوو نیت..چ لێهاتوی هەزارانی وەک من زەلیل ناتوانن بت بینن. رەنگە گەر بێیتەوە وڵات بەرێوەبەری کارەکانت رێمان لێ بگرێ بۆ یەک دوو دەقیقە لەفەیزی مەعریفەتتان سوود مەند بین. تۆ گەورەیت، بەڵام نازانم بۆ من رۆژێک لەرۆژان بەرهەمێکتم نەبینیوە.. هەڵبەتە دەبوو لە بەرگی هاملێت دا وێنەیەکت هەبێ.. یان شمشێرە خوێناوییەکەی (ماکبپ) ت بەدەستەوە ببینرێ.. یاخود خۆ دەبوو جارێک سیامەند بی بۆ خەجێ.. خانی لەپ زێڕین.. یان فەرهاد بیت بۆ شیرین..نا نا

دیارە تۆ هێند لێهاتوی لەوانەت تێپەڕاندووە.. چ وەهمێکە ئەمە.. چ درۆیەکی گەورەو پڕو پوچە.. ئێوە بە درۆ شاخدارەکانتانەوە بونەتە چیایەکی وەهمی و بەرچاوی خەڵکتان گرتووە تا ئێمە نەبین دەبێ.. چ قەهرێک بەهێندی ئەم گرەی نێو ناخی من تاقەت پڕوکێن بێت.. چ غەدرێک هەیە تا بڵێم ئاە..ئیتر من ئاسوودە بووم.. ئەوەتا لە دنییایەکی تر جۆرە غەدرێک هەیە ئەوەی ئێمە لە چاویدا کانییەکی رونی بەر تریفەی مانگەشەوە (رۆژنامەکە فرێدەدات) (بە بێزاری لەسەعاتەکە دەڕوانێ، هەڵدەستێ دوچێتە بەر دەمی و لێی دەروانێ)

تێپەریت.. ها..تێپەریت.. وانییە.. دە تێپەڕە. من هەرگیز خەفەت بۆ تۆ ناخۆم.. عومری چی.. درەختێکی رەقەڵەی باڵ هەڵکشاو ئێستاش سێبەرێکی نەبوو لەبنیا کەمێک ئاسودەیی تام بکەم..ئەم بە سەرچوونی ژینە دڵێکی دەوێ لە ئاسن تا بەرگەی بگرێ.. منێک بەو هەموو چوستی وچالاکیەی ئەوێ ڕۆژێمەوە ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی سلاّوی کەسێکم تا دڵنیام بکات لەوەی دەژیم و تەنهاییم چ قەهرێکە (ئاوڕێک بۆ سەعاتەکە دەداتەوە) تێپەڕیت وانییە ئا.. تێپەڕیت..

ژن: دڵ بەچیت خۆش کەم ژیان.. تۆ لە کوێ و منی سیاچارە لە کوێ.. لەچی دەچم ها. (دەچێت بەرەو ئاوێنەکە)هەرگیز بڕوام

بەوە نەبوو رۆژێک دێت و دەبێت بۆشاردنەوەی چرچ بوونی رووم هەزاران فێڵ و تەڵەکە فێر ببم وام هەست دەکرد کەهەرگیز پیرنابم.. (خێرا دەست بە خۆیدا دەهێنێت) دەبێت ئێستا پەیدا ببن. کات زۆر درەنگ بووە..دەبوو ئێستا لە مێژ بێت لێرە بن وایە...(دەچێتەوە سەر کورسی بەرامبەر دەرگاکە چاوەڕوانی دەست پێدەکاتەوە) نازانم چۆن بێزار نابم.. لە سەرەتای عومرمەوە چاوەڕوانی بۆتە پیشەم چۆن وانەبم چارەنوس کردمی بە خوشکی برایەکی دڵ بەردی خۆبەگەورەزان دەبوو ئەوی کوڕ لای سەرو دابنرێ و منی کچ و عەورەتیش هەمیشە داپۆشراووخزمەتکار ئای.. دڵی چیت پێ خۆشکەم ژیان..

(کەبیری دەکەوێتەوە زەلیلی و قەهر بەسیمایەوە دیارە) هێشتا منداڵ بووم دەبوو ئەو دەخەوت من بە باوەشێنێکی باڵدرێژەوە بەسەر سەریەوە ئێشکگربم نەبا گەرمای بێ یان مێشێکی نەگریس لە خەوی شیرین راستی بکاتەوە. چ بەشەرێک بوو هەمیشەە بە ئازار.. ئێستاش شوێنی لێدانەکانی بەجەستەمەوە ماون.. زۆر جار لەنێو ناخمدا خواستی یاخی بوونێک چرۆی دەکردو دەموت ئێستا باوەشێنەکە دەدەم بە دەموچاویاویداو تا پێم بکرێت هەڵدێم و رادەکەم.. بەڵام (سەردادەخات) ترسنۆک بوم.. نا.. نا..بۆکوێ بچومایە.. دەیانخواردم.. هەتا باوکم بە فریام دەکەوت لەژێر

چنگی ئەونەنکە قرچۆک و زاڵمەم دەربێنێ نیوەگیان دەبووم. هەمیشە ئەو وێنەیەم لەیادە نەنکم لە دالآنەکەوە دەیقیژاند ئەو کوڕەو پیاوی سبەینێ یە دەبێت تۆ خزمەتکاری بیت. پێم ناڵێی دڵ بە چیت خۆش کەم ژیان.. ها.. دەبڵێ.. جاران کەمێک سۆزم لێ دوور بوایە و هەستم و هەستم لە دەست بایە پڕ دەبووم لەگریان و نەمدەزانی چی بکەم.. ئێستاش زۆر حەزدەکەم بێ ئەوانە بژیم (هەڵدەستێ و لە مۆمەکان دەڕوانێ.. پاش کەمێک دەڕوات لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات) شەقامێکی چۆڵ و تەڕو رووناک بێ کەس.. من و شەقام لە تەنهایی و بێکەسیدا. لەیەک دەچین.. هیچ نەبێت ئەو.. رێبواران دێن و بەسەر سینەیدا هەنگاو دەنێن بەڵام من چیم هەیە.. لەناڵین زیاترچی شک ئەبەم.. هێشتا کەسیان دیار نین.. سەیرە ئەوان دڵنیایان کردم کەئەمشەو هەردێن.. بەر لەوەی نیو سەدەی عومر تێپەڕێم بە ماچێکی گۆنا مائاوایی لە رۆژگارێ دەکەین رابوردو خۆشهاتن لە رۆژگارێ دەکین دێت.. چ.. چ.. چ.. نامەوێت.. بیرم بکەوێتەوە.. وای خوایە.. نیو سەدە تەمەن و تەنهایی.. نامەوێت.. بیری لێ بکەمەوە.. (دەگەڕێتەوە سەر کورسیەکە دادەنیشێ) باشترین شت ئەوەیە لێرەدا بێدەنگ چاوەڕوان بم.. واچاکترە.. ئا.. ئا.. زۆر باشترە.. نیو سەدە تەمەن و چاوەڕوانی.. وا چاکترە بێدەنگ بم ئا.. وا چاکترە..

## جوولەی دووەم

## چییان لێ هات هاوڕێکانم

(زەنگی کات ژمێرەکە لێدەدات یەک جار، ئاماژە بە تێپەڕبوونی کاتێکی تر چارەکێکی تر دەکـات، ژنەکە لەو خەڵوەتە کاتیە دادەچڵەکێنێ)

**ژن**: بێ ئۆقرەم کە.. مەهێڵە بۆخۆم بم.. دەترسم لەمتەنهاییەدا لەگەڵ خۆم ببێتە شەڕێکمان ئەوسەری دیار نەبێت.. داوات لێدەکەم بێئۆقرەم کەیت، بەشتێکەوە خەریکم کە تا ئەو هاوڕێ و هاوەڵانەی رۆژانی جوانیم دێن و پێکەو دوا شەوی ساڵێکی تەمەنم بەسەر دەبەین. (هەڵدەستێ و دەجولێت بەرەو کورسییەک) دەزانی ئەم شوێنەم بۆ کێ داناوە.. وانیە.. دەزانی ئەو خانمە هاوڕێی رۆژانی خوێندنمە و من بەبەرچاوی کوڕو کاڵی گەڕەکدا دەڕۆیشتین و بەشی هەموو دنیا نازنمان بەسەر ئەو شەقامە کلۆڵانەدا دەکرد.. راستە.. وایە.. ئەو بوو تەنیا عەشقی ژیانمی لێ ستاندم.. بەڵام چی بکەم هاوڕێمەو ئێ ئێستا ئەو سیاسەتمەدار دیارو بەتوانایە

(دەوەستێ و پێدەکەنێ) سیاسەتمەدار.. سیاسەتمەدار. چەندە سەیرە ئەو ئەوسا لەڕوانین بۆ ئاوێنە و بسک لول کردن بەو لاوە چی تری نەدەزانی بەڵام دوای ئەوەی ئەو کوڕە خوێن شیرینەی لە هێلانەی دڵی من هەڵفڕاند ئیدی کەوتە نێو دنیایەکی تر (پێدەکەنێ و

لەپڕ تاو دەوەستێ و کەمێک توڕەبوونی پێوە دیارە)

سوێند دەخۆم ئێستاش هیچی لێ نازانێ بەڵام حورمەتی یادی ئەو پیاوەیە. گەر نا ئەم ئێستاش رەنگە ناوی زۆر لە شتە ئاساییەکانی ژیان وەک خۆیان نەزانێ. بەڵام چی لەگەڵ ئەم دڵە دەکەی.. ئەوەتا هێڵێنا دەنا پێم دەوت.. خۆ رۆژێ هەر دەبێ بتوانم پڕبە دەم بەسەریدا بقیژێنم و بڵێم تۆ ئەی گەورە کچی شۆخ.. دڵ دزێکی کارامەو درۆزنێکی لێهاتویت و دەبێ پێ لەو حەقیقەتە بنێیت. تۆ لە کوێ و ئەو دنیا ئاڵۆزەی سیاسەتە ململانێ لە کوێ.. ئای چەند فێڵاوی بووی هاوڕێکە منداڵیم.. بەبیرم دێ بە تەنها بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو بۆ خۆی بەرێ چی دەکرد.. ئای منیش چەند بەریئانە لێم دەڕوانی. خۆم کردمە هاوڕێی.. کەچی ئەوەندە زیت بوو لە ماوەیەکی کەمدا داگیری کرد.. چی ئەڵێیت.. وس بە هیچ نەڵێیت.. ((توڕەیە)) وسبە..مەبەستتەبڵێیی ئەی ئەو بۆ دەستبەرداری من بوو.. نازانم من ئەو پرسیارەم نەکردووە.. وەک زۆر پرسیاری تر کەدەبوو بیانکەم و نەمکردن.. ئا وایە کبریائی خۆم رێی پرسیاری وا ساویلکانەی نەداوم.. ئیتر رۆی ناشزانم بۆ.. نازانم رۆیشت و تەواو.. (ئاماژە بۆکورسییەکی تر دەکات)) ئەی تۆ بۆ ئێستا دیار نیت.؟ مامۆستای فەلسەفە.. خۆتۆ لەهەموو وەوانەی تر جیاوازبوویت. هەمیشە ئینسان دۆست و خۆنەویست بوویت. ئەزانی هەندێک جار..

نا.. (شەرم دەكات) ناوترێت. ئەو هەستانە ناوترێت.. بۆنا..(پاش كەمێک لەگەڵ خۆی دەدوێت) برِێک ئازاتر بەو بیلێ.. ئا هەندێک جار كەدەستت بەر دەستم دەكـەوت من دەسڵەمیمەوەو تۆش بەهێمنی و خەندەوە دڵنیات دەكردمەوە كەپێویستە ئاسایی بم.. ئەوكاتانە هەستم بەخۆشەویستیەكی سەیر دەكرد لەچاوەكانتەوە وەكروبارێک دەرژاو تاوی دەگەیشتەمن. بیرتە كەپێم وتی مامۆستا لەم شانۆییەی داهاتودا رۆڵی ئۆڤیایا دەبینم و شەیدای هاملێت دەبم.. ئەو ئێوارە خامۆشەی ناو كافتریاكە بەتەوسەوە وتت: هەزار خۆزگەم بەهاملێت. دێتەیادت كەبەهێندی گەورەیی ئاسمان پارِایتەوە تا ئەو دیمەنەی ئۆڤلیات بۆنمایش كەم.. بیرتە یان وەک كاتی ئەم ئاهەنگەی من ئەویشت فەرامۆش كـردووە؟!..دەسـتـت گرتم و خسیتمتە سەرمێزەكەو منیش دەتگوت بۆفرِین ئامادەدەبم ((دەچێتە سەر مێزەكەو دەست دەكات بەنواندن)) با گەورم ئەو دیاریانە هی تۆیە لە خەڵوەتی عیشقێكدا پێت بەخشیم.یكا دەكەم وەریان گرەوە..بەڵێ گەورەم هەمیشە وا خۆم ناسیوە ((دەكەوێت))ئای بۆ عەقڵێكی بڵند چۆن لە دەست چوو.. خوایە هۆشی بۆ بگەرِێنیەوە..لەنوێژەكانمدا بۆت دەپارِێمەوە ((دەوەستێ و سلاوی كۆتایی دەكات)) سوپاس سوپاس ((دێتە خوارەوە)) ئایمامۆستا چەندگێل بووم ئەو كاتەی وتت من زۆر دڵبەندی دەقی باڵندەی دەریای چیخۆفم بەتایبەت

هەست دەکەم کاراکتەری تریگۆرین سەرکەوتوترین کاراکتەری ئە دەقەیە..من ئەوەندەم نەزنی بوومەتە نینا و تۆش تریگۆرینی پڕلە فێڵ و خشتە ردن.. چەند ساویلکەبووم مامۆستا.. دەبوو هەر ئەوسابمزانیایە کەتۆ چۆن یاوێکی و چەندت رق لەراستیو حەقیقەت دەبێتەوە و بەتەنها وێڵی چیرۆکێکی نوێیت کەتەنها خۆت پاڵوانی بیت. چیت پێکردم..ماوەیەک واهۆگرت بوبوم تەواو بێ توانا لەبەر دەم ئەفسونی نیگاو وشە سەنگینەکانتدا. موسافیرێکی نەشارەزای نێو دنیای ئەندێشەو ئەزموونەکانت بووم.. بەچ دەردێک چووم.. ئێستاش بەخەیاڵی خۆم چاوەڕوانت دەکەم بێیت و ئەم وەحشەتەم بڕوێنیتەوە..نا.. نا.. هەرگیز هێند هیچ نەزان نەبووم. ناچیدی چاوەڕوانی هاتنی تۆناکەم.. زەحمەتە.. زۆر.. زۆر.. (دەچێتە بەردەم کورسییەکی تر وەک ئەوەی سەر بنێ بەسنگیەوە کەمێک هێمن بۆتەوە) تۆش خەمت بۆ دەخواردم راستە من جێم هێشتی بەڵام بڕوات بێت هەستم دەکرد دوو دنیای زۆر لێک جیاوازین. من سەر قاڵییەک گرتبومی و تۆش لە لایەکی ترەوە سەر گەرمییەک دەوری تەنیبووی.. نەدەگونجاین. راستە تۆ کەمترین ئازارت بە من داوە و ئێستا من قەرزاری ئەو هەموو هەست و هەنسک و هەناسانەت بم.. بەڵام چی بکەم بەدەست خۆم نەبوو.. خۆت دەزانی خۆشویستن بەزۆر نییە.. راست دەکەیت من زۆر رێزم لێ دەگرتی

چونکە هەستم دەکرد چەندت خۆش دەوێم

بەڵام دواجار بەرەو دنیایەکی تر رۆیشتم..دەزانم هەر لەبەر من بوو شانۆت خۆش ویست.. لەبەر من خۆت فێری زمانی تر کرد و تێکەڵاوی کاری هونەر بوویت بەڵام چی بکەم رابردوویەکی سەخت و دژواری وام هەبوو کەنەیهێشت هەر چۆنێکە هەر بیریشت لێ بکەمەوە.. من ئەزموونە تاڵەکانی ژیان زۆر شتیان لێ تێک دام و زۆریان لەبەرچاو رەش کردم.. بمبورە.. (پاش کەمێک) بەڵام تۆش لەم ساتی تەنهایی و بێکەسیەدا بە هانامەوە نەهاتی.. راستە دوای بێ هیوابوون لە من ژیانێکی ترت هەڵبژارد بەڵام هەر دەکرا لە شەوێکی وادا بۆ ساتێکیش بێت لە یادت بم. هەروا بە سانایی فەرامۆشم نەکەیت ئاخر عەشق چۆن وا لەبیر دەکرێ (بەخەندەوە) دەترسیت خانمەکەت لێت دلگران بێت هەقتە..زیز بونی ئازیزان بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە. بەڵام منیش لێت خۆش نابم. بەشی خۆم خۆش نابم بۆ.. ها.. بۆ دەبوو ئێستا گەر کەسی تریان نەیەن تۆ لێرە بیت هەمیشە پاڵەوانێکی ترسنۆک و نادیار. هەرگیز نەتویستوە روناکیت بچێتە سەر هەر دەم لەناو تاریکیدا ون. دەی سەر بێنە نێو ئەم رۆشنایییەو کەمێک دەرکەوە. تا بەشی چەند رۆژێکی تریش هەناسە لە بوونی تۆ بسێنم.. (دەکۆکێ وکەمێک تەندروستی تێک دەچێت و ماندوو دەبێت پاش کەمێک دادەنیشێ)

## جوڵەی سێیەم

## دوانیگا

**ژن**: (لەشوێنی خۆیەوە) هەس دەکەم بێ هێزم.. هێز لەکوێ بێنم لەم تەنیاییە دا.. ئێچستا تەواو لەوز باڵندە بێ لانەو بێ هاوڕێیە دەچم کەمەلول و عاجز دانیشتوەو نازانێ چیبکا. ئای چەند بێوەفایە زەمەنی ئێمە.. ئەوسا کەلەو پەڕی گوڕدا بووم.. تامن هەبووم کەسی تر نەیدەتوانی..یان نەیدەوێرا رۆڵی لێدی ماکبپ بگێڕێ. هەر دەرهێنەرێک بیری لەو دەقە بکردایەتەوە دەبوو هانا بۆمن بێنێ...نا.. نا..من ئەوەندە توند و تیژ نەبووم لەژیاندا، بەڵام بەتوناو جەربەزە بووم دوا جار کەرۆڵی ئەو ژنە ئاسنینەم بینی چەند بەگوڕبووم ((هەڵدەستێتە سەر پێ و دەکەوێتە کار تەماشای ئاوێنەکە دەکات و دەست دەبات بەسوراوێک دوو هێڵ لەسەر گۆنای دەکێشێ پاشان کەئاوردەداتەوە بۆتەلێدی ماکبپ))

من نەموتووە وەهـا توندوتیژبە، قایلیش نیم ساویلکەو ترسنۆک بیت، شورەیی یە گەورەم شورەیی.. سەربازو ترس؟ ناترسین لەوەی هەرکەس پێبزانێ دەسەڵاتمان ناهێڵێ کەس بیر لەوە بکاتەوە،بەڵام کێ دەیوت ئەو پیرەمێردە ئەو هەموو خوێنەی تێدایە.. دەی لێبەرەوە ئەی پەڵە نەفرەتییەکە..بۆنی خوێن دێ..

بەرامەی هەمو دنیا ئەو بۆنە لانابات لێبەرەوە دەی.. لێبەرەوە.. دەی ((ئەوەندە دەستی بەجل و بەرگ و چەرچەف و پەردەو شتەکان دەسرِێ، تاماندوو دەبێ و لەسەر کورسییەک دادەنیشێ ؛ پاش کەمیک حەوانەوە دەست دەکاتەوە بەقسەکردن)) هەرگیز ئەو هەموو تورِە بوونانەی لەیاد ناکەم.. لەسەرەتای تەمەنی لاویمدا کاتێ ئەو تەواو مەست دەبوو تابۆی دەکرا بەردەبووە گیانم، دەیگوت من دەزانم خەڵکی لەدەرەوە چی بەکچی وەک تۆ دەڵێن..لەبەر ئەوە وام بەخەیاڵدا هاتووە چوونە دەرەوەت لێ قەدەغە بکەم.. ئاخر بۆ کاکە گیان؟ بۆ؟ خۆت نامناسی نازانی خوشکەکەت چەند بێوەی و دوورە لەهەموو ئەو خراپە کارییەی تۆو هاوەڵکانتی خەریک کردووە ((دەبێتە براکەی)) بادەتناسم و دەزانم دەڵێی پشیلەی چاو نەپشکوتوی، بەڵام ((دەبێتەوە بەخۆی)) بەڵام چی کاکە گیان.. بەڵام چی؟ گەر ئێستا ئەو قسانەی ئەوسات بیر دخەمەوەو پێت دەڵێم ئەوە کردارو رەفتارت بوو هەزار تۆبەو ئیستغفاری درۆ لەزارت هەڵدەوەرێ..ئای کاکە بەتەنیا یۆبەسیت بۆ ئەوەی دڵنیام کەئەم دنیایە جێگەی چ درۆیەکی گەورەی لەنێو دڵی خۆیدا بۆ خەڵکی وەک ئێوە هێشتۆتەوە. تابۆت کرا بەدکاری و خراپەت کرد وئێستا خۆت لێ بۆتە وەلی و بەنیازن بەخۆتان و شمشێرە خوێناوییەکانتانەوە

بەقسەی خۆتان ئەم سەرزەمینە لەفسق و فجور پاک دەکەنەوە.. ئای کاکە ئاخۆ چەندی تری وەک تۆ ئێستا لەپشت ئەو پەردەیەوە بن و عەقڵی صەندکورو کاڵتان شێواندبێ چەند حزم لەوەیە تارمایی مەرگ ببینم ئەوەندەشم پێخۆشە وێنەی تۆم بێتە بەرچاو.. ئای چ دڕندەیەک بوویت ئەوساو ئاخۆ ئێستاش دەستت بەخوێنی صەند قوربانی سووربووبێت.. رقم لێت دەبێتەوە کاکە.. ((ئاوڕ بۆ دەرگاکە دەداتەوە و بەبێزارییەوە تەماشای دەکات و دەکەوێتە قسە کردن لەگەڵیدا)) بەزەیم پێتدا دێتەوە چەند دەمێکە کەسێک نەبووە دەستی بەرت کەوێت.. ها..منیش.. مەبەستمە وابڵێم.. من خۆم لەهەموو کەس و لەهەموو شتێکی بەو جۆرە بەدوور گرتووە.. دەتەوێت چی بڵێیت من جوان بووم.. ها هێشتا بەشی خۆم جوانیم ماوە ((دەچێتە لای ئاوێنەکە)) جاران لەبەر جوانی بۆ زۆر کاراکتەر دەشیام.. ژنێکی جەربەزەو ئازاو جوان، ئەو رۆژەی بۆرۆڵی (نورا) هەڵبژێررام هاوەڵەکانم ئیرەییان پێدەبردم و دەیانوت کەی ئەوەندە جوانی تا بەو شێوەیە بەخۆت بنازی و بەلەنجەو لار بێیتو بچیت...نامن نەمدەویست بەکەس بڵێم جوانم..نا ئامانجی من جوانی نەبوو.. من دەمویست نورا بم ئەوژنەی توانی بوونی خۆی بسەلمێنێو بەوە قایل نابێت بوکەشوشەیەکی بێگیانی نێو ماڵێکی داخراوبێت

بەتەنهاو هیچی تر.. تۆبلێی..ها..؟ ((لەئاوێنەکە دوور دەکەوێتەوەو بەرەو پێشەوەی شانۆکە دەڕوات، پاش کەمێک بەرەو کورسییەکی هەزاز دەڕواتلەسەری دادەنیشێت، ئاوڕ لەکورسییی تەنیاکە دەداتەوەو لەگەڵی دەدوێت)) هەمیشە تەنیا و هەمیشە بێ دەنگ.. تۆ نزیکترین هاورێ و دۆستترین دۆست.. سیمات لەباوکم دەچوو سروشت هەڵسو کەوتو زۆر شتی تریشت ئەوی بیر دەخستمەوە. نەم دەزانی چۆن بتدوێنم.. باوکە..هەرگیز ئەو رۆژەم لەیاد ناچێ کەلەنێو خۆ پیشانداتەکەدا ناسیتمەوە.ز بابە گیان تۆ پیاوێکی زەین روون و خۆش مەشرەب بوویت.. ((کەمێک بێدەنگی)).. تۆش هـاوڕێ دڵ ناسکەکەم رۆحێکی پەپەلەیی بوویت و زوو بەزوویی زویر دەبوویت.. کەسێک بەدەنگی بەرز قسەی بکردایە تۆ لەوێوە دەخرۆشایت و وات دەزانی چیایاەکت بەسەردا روخاوە.. چەند هێمن و ئارامیت.. هێندەش لەناوەوە توڕە.. سەیر بوویت.. نەتدەویست کەس هیچ شتێک دەربارەی رابردووت بزانێت.لەگەڵ ئەوەی پڕ بوو لەسەروەری..ئەو حەزی تەنیاییەت لەبەندیخانە تەنیاکەتەوە دەست کەوتبوو. ئەو کەمەتوڕییەی ناخیشت رقی ئەستوور بوو لەجەللادەکەت.

تۆ پیاوێکی خۆراگری نێو زیندان و قارەمانێک لەقارەمانەکانی

نیشتمان.. ئیدی بۆ حەزناکەیت کەس هیچ دەربارەی رابردووت قسە بکات.. خەڵکی تر هەیە هەڵوێستی وایان بەخەیاڵیشدا نەهاتووە کەچی بەدرۆ هەزارەهاچیرۆکی پاڵوانی بۆ خۆی دروست دەکات.. نازانم تۆ بۆ هێندە سەیریت!؟.. هەمیشە خۆت وادوور دەگریت.. بۆیەپێت دەڵیم اەباوکم دەصیت هەردەم مەنگو کەم دوو.. بەڵام پڕ لەسۆز.ز ئەی باشە دەبوو لەشەوێکی وادا من لەبیرکەیت و نەیەیت.زها.. گەر هەموو کەس ئەم شەوەی لەیا کردایە نەدەبوو تۆ فەرامۆشم بکەیت. خۆ من تۆم بەبوک و براو هاوڕێ وگشت کەسم دەزانی.زکەچی تۆ.ز دەی..((هەڵدەستێ)) بەم عەقڵەوە خۆم خستۆتە چ داوێک..زداری گلەیی چی لێ سەوز دەبێت..لەوەڕس بوون زیاتر.. ئای هاوڕێ بەدبینەکانم.. ویستتان ئەم شەوەم پڕبێت لەتەنییایی.. وانییە؟؟،بەڵام نا من بەوە قایل نابم.. وێستا دەبینن چی دەکەم.. هەر ئێستا دەبینن ((دەڕوات بەرەو ژوورێکی پشتەوە لەوێشەوە هەر دەنگی دێت و پاش کەمێک کۆمەڵێک بووکە پەڕۆینەی لەئینسان چوو دەهێنێ هەریەکەیان لەسەر کورسییەک دادەنێت و پاشان لێیان ورد دەبێتەوەو تەماشایان دەکات دواتر دێتەپێشەوە لەمۆمەکان دەروانێ‌و دەیانهێنێتە پێشەوەو لەگەڵیان دەدوێت))

**ژن**: دەی هاوڕێ خۆشەویستەکانم با دەست بکەین بەئاهەنگی

دوا شەوی نیو سەدە تەمەن و تەنیایی دەی چەپڵ بکوتن.. دەی لەگەڵما گۆرانی بڵێن.ز باپێکەوە سەما بکەین. ئێوە ئەی هاوڕێیان ئەوەتان لەیاد بێت کەمن ئەمشەو نیو سەدە لەتەمەن تێدەپەڕێنم و هیچ هیوایەکم بە سبەینێ نییە و هەر حەزیشی پێناکەم.. بۆیە ئەمشەو دەمەوێت مەستی پێکەنینێکی قوڵ بم..پێکەنینێک لەناخی ناخەوەبێتبەدوور لەم ریا کاری و دەست هەڵبەستانە، ئەوانەی ئەمرۆ بەتەنها بۆ بەرژەوەندی و بەدەورا هاتن دروست دەبن... دەمەوێت پێ بکەنمبۆ دوا جار لەناخی ناخەوە پێبکەنم ((دەست دەداتە مۆمێک و دەچێتە سەر کورسییە هەزازەکە و هەوڵ دەدات پێ بکەنێ بەڵام ناتوانێ؟ پاش کەمێک ماندوو بوون لەبەر خۆیەوە گۆارانییەکی هێمن و غەمناک دەبێژێ و وردە وردە سەر لەمۆمەکە نزیک دەکاتەوەو بەهێمنی چاو لێک دەنێ.. تادەنگی نامێنێت.ز پاش ماوەیەک لەبێدەنگی دا دەنگی زەنگ و لێدانی دەرگا و زەنگی تەلەفۆن دێت.زکەسێنییە وەڵام بداتەوە..هێدی هێدی شانۆ تاریک دەبێت و دەنگەکان لەبەردەوامییەوە بەرەو نەمان دەچن..))...

**کۆتایی**

## ڕەنگی باران

شانۆ چۆڵە.. لەباکگراوندا ئاوێنەیەکەی گەورە لە زەمینەوە بەرەو ئاسمان کشاوە.. لە ناوەڕاستدا لەنگەری نیشتنەوەی توتیەک هەڵواسراوە.. کورسیەکیش تەنها.. پیانۆیەکی شکاو کە شەمعدانێکی لە سەرە و ئاگردانێک بە پانتایی شانۆدا هونەرییانە بەشکراون.. بێدەنگیەکی زۆر پاشان دەنگی کردنەوەی دەرگایەک دێت و دەدرێت بە یەکدا.. پاش کەمێک پیاوێک دێت کۆڵەپشتێکی کۆنی بە شانەوەیە و جل و بەرگی سەربازی لەبەردایە جەنراڵێکی سەربازییە.. ماندوو..

لەش شەکەت و دەم وچاو بێزار دێتە ناوەڕاستی شانۆکەوە و کەمێک لە بینەران دەڕوانیت و پاشان تەماشای توتیەکە دەکات و دواتر ئاوڕ لە پیانۆکە دەداتەوە و ئەوسا بەرەو کورسیە تەنهاکە دەڕوات کە بەرامبەر پیانۆکە دانراوە.. جانتاکەی لە سەر پیانۆکە دادەنێت و لە بەردەمیا دەوەستێ و ڕووەو بینەران دەکەوێتە قسە..

جەنراڵ:

هیچ بە هێندی ئازادی شادمانی بەخش نیە. بۆیە ئەو کاتەشی هەست دەکەیت گەر هەنگاوێکی تری زیاتر بنییێت لە پێناویدا دەمریت هێشتا هەر ئاسودەیت.. ئەوەی تامی ژێر دەستەیی و سەرکوتکردن نەکات نازانێ وەک ئەوانی تر چێژ لە ئازادی وەرگرێ.. هێی.. ئێوە.. ئەوانەی لێرەن.. کێی لێیە.. هێی ئێوە.. کەسێک لێرە نیە. _هێمنتر _هەڵبەتە کەس نەیزانیوە ئەمڕۆ دێمەوە.. وانیە.. ((لەقەفەزی بالندەکە دەڕوانی)) هێشتا لێرە ماوی بەهەموو یادەوەریمەوە قەرزاری تۆم.. لەوێ لەو بڵندایی چیایانەدا کە دەمەو بەیانیەک لە دەنگی باڵندەیەک بە ئاگا دەهاتم وام دەزانی دەنگی تۆیە و دوای شەوێک لە مەست بوون و سەما لە ئامێزی ئەو ئازیزەیا خەو دایگرتوم و تۆی بە گۆرانیە دڵڕفێنەکانت بەیانی باشم لێدەکەیت. ئەو کاتانە پڕبوومەوە لە عەشق.. دەنگێکی سەیر بوو.. پڕ بوو لە ئەفسون.. لە نەغمەیەکی فردەوسی دەچوو کە با لە بڵندایەکانی ژیان دەیهێنێ. لەوە دەچێ لە

گۆرانی وەستابی.. لەو ساتەوەی هاتومەتە ئێرە دەنگت نابیستم بۆ.. (دەنگی تەقە تەقی دەرگاکەدێت) ئای.. چۆن دڵم بێت ئەو دەرگایە بکەمەوە _ تەواو دەشڵەژێ _ دەی دەبێ بە جوانترین شێوە بمێنێ..

دەچێتە بەردەمی ئاوێنەکە خۆی ڕێک دەکاتەوە _ چۆن پیری دەوێرێ بە سیمای من ئاشنا ببێت بەم هەموو توندییەوە هەستێکی وا ساکار پێم بوێرێ نا.. نا.. زەحمەتە.. _ لەپڕ بە ئاگا دێت _ ئاه خەریکە دەرگاکەم لە یاد دەچێت.. –دەچێت بەرەو دەرگاکە دەیکاتەوە و خۆی دادەنەوێنێت بۆ پێشوازی کەس نایەت–.. بفەرموو.. _ کەس دیار نییە _ بفەرموو خانمی ئازیز دڵم ئیتر بەرگەی ئەو یارییە منداڵانەیە ناگرێ.. بفەرموو ئەوەتا دەرگای دڵ و گیانم لە سەر پشتە.. بفەرموو.. _ سەرهەڵدەبڕێ کەس دیار نییە _ تەماشای دەرەوە دەکات هەر کەس نابینێ بە بێزارییەوە دێتەوە ژورێ _ ئەی مانای چی.. ئەو هەموو پێشوازی و خۆ ئامادەکردنە پڕ لە شەرم و نیگەرانییە کەس نەهات..

ئەی چی بوو.. ئیتر بڕستی چاوەڕوانیم نەماوە ((گوڵ خانم)) وەرەوە.. دەی.. _ دەچێت بەرەو جانتاکەی دەست بۆنی هەناسەکانت مەستم کات چی بکەم عەشق کارێکی پێ کردووم هەموو گیانم بۆتە یەک پارچە لە ئەڤینی تۆ.. ئای شۆخە نازدارەکەم بەو ووشانەی نێو نامەکانت چەند شادمان دەبووم.. دەزانی.. دوا هەڵمەتم بە ناوی تۆ وە

ناونا دڵنیا بووم گەر هەموو هەڵمەتەکانم پێشتر بوارێکی هەبووبێت بۆ سەرنەکەوتن ئەمجارە سەرکەوتنم مسۆگەرە.. دڵنیابووم کیژۆڵە.. دڵنیا.. ئەو جارە بوو.. دڵنیا بووم هاوڕێ ئازیزەکانمان ئەوەتان لەودیو سنورەوە چاوەڕوانن.. دەیانویست ئەو تەلبەندە بپچڕێنین و دوای ئەوەی تێر یەکتر لە ئامێز دەگرین.. پڕ چنگێک خاکی نیشتمانی باپیران هەڵگرین وبە کامی دڵ بۆنی کەین.. تامەزرۆ بوین تا بتوانین ئەو بەرگە داماڵین و جارێکی تر ببینەوە بە ئینسانێکی ئاسایی.. ئێوارەیەک بێینەوە بن درەختی باخێک و لەوێ نیگامان بە سەوزایی بڕێژین.. ئەوێ بەرد بوو.. لە بەرد زیاتر هیچی ترت نەدەبینی.. خۆشمان ڕەنگی بەردمان لێ نیشتبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تەنها ساتێکیش بروسکەیەکی ترس ڕێگەی دڵمان شارەزانەبووە.. ئێمە هەمیشە لەڕکەبەرایەتی دوژمندا وەستاوین.. تا ڕۆژێک سەرشێتی گرتمی و تەواو هاوسەنگیم لە دەست دا ڕۆژێک شێتی بەرگ بوو بپۆشرێ.. دەزانی چیم کرد. چوومە سەر بڵندایيەک بەرامبەر یەکەم سەنگەری دوژمن و پڕ بەدەم هاوارم کرد.. ئازادی.. _هاوار دەکات _ ئازادی.. ئازادی.. _ بەردەوامە تا ماندوودەبێت _ بێستانێک بووم لە زام.. ڕۆژێک ئالآیەکم لە خۆم ئالآندوبەرەو روی مەرگ وەستام و دڵنیام کرد لەوەی ئاستەمە ئەوبەشاباری من بێت.. دڵنیام کرد لەوەی من سڵی لێناکەم چۆن و کەی دەتوانێ با بێت و خۆی بکات بە

میوانی جەستەم.. وەلێ یادم هەر دەمێنی و نامرێ. ((دەچێتە پێشتر لە باڵندەکە)) خەریکە ترسم لێ دەنیشێ.. ئەو بینایی چاوانەم دەنگ و ڕەنگی نەبوو.. لایەک لەم مەملەکەتە ئێستا دەزانن من گەڕاومەتەوە و ئەو نەیبیست. سەیر نییە. دەزانی ئەوەی زۆرتر دەمترسێنێ ئەو نامەیە بوو کە دوا جار وەڵامی نەبوو.. من بە خوێنی دڵ مێشکم گوشی و چیم لە هەناودا بوو لە عاتیفە بەو وشانەم سپارد کە چی وەڵامی نەبوو.. نازانم.. بۆ.؟. نازانم؟. ئەی تۆ.. هیچی دەربارە نازانی؟. ها.. دە هیچ نەبێ بەباڵەفڕێیەک بە جریوەیەک وەڵامم بدەرەوە.. بۆ وا سستی ها.. بۆ.. ((کورسیەکە دەهێنێ و دەچێتە بەردەم قەفەزەکە و سەیر دەکات خواردن و ئاوی لا نیە، بە سەرسامی دێتە خوارێ و لە سەر کورسیەکە مات دەبێ)). مانای چی.. ئەی.. بۆ؟ ئاخۆ چەند ڕۆژە.. ئەی لە کوێیە؟!.. (هەڵدەستێت و توڕە دەبێت) لە کوێ یە؟!.. (دەچێت ژورەکانی تر دەگەڕێ بە توڕەیی و هاوار دەکات) لەکوێ یە؟!.. لە کوێ؟ بۆ کوێ چووە.. ها.. تەپ و تۆزی سەر ئەو کەل و پەلە و ئەو بۆنی تەنهاییە پێم دەڵێن ماوەیەکە لێرە نییەو من هەر دەمەوێت ئەو هەستەم بەدرۆ بخەمەوە.. من لەگەڵ هاتنەوەم بۆ ئێرە هەستم کرد شتێکی جیاوازە لە جاران.. من بۆنی غەریبێ دەکەم.. وا دەزانم ئەم ماڵە لە بێ منیشدا بێ پیاو نەبووە.. دەی وەڵامم بدەرەوە باڵندەکە دەی پێم بڵێ وا نیە.. بە درۆم بخەرەوە ئێستا گەورەترین

ئاواتمە بە درۆم بخەیتەوەو کەمێکی دی ئەو شۆخە بێت و سینەی دەرگاکە بترازێنیێو بلێ ئەوەتام سەروەرم لەبەر دەمتام. زۆر حەزم بەو خەیاڵەیە بەڵام گەورەترین ترس کە مێشکم دەخوا ئەوەیە کە دەزانم ئەو خەیاڵەم نابێتە حەقیقەت. دەی گەر دەتوانیت بەدرۆم بخەرەوە.. ئەمێستا گەورەترین خولیامە بەدرۆم بخەیتەوە. دەی باڵندەکە.. خۆتۆ پێشتر رستەکانی منت لەبەر دەکردو دەتوتەوە.. دێتەیادت رۆژێک لەسەر تۆ چ ئافاتێک خولقا.. وەفای ئەو ساتە بتگرێ.

((ئاوڕ لە ئاگردانەکە دەداتــەوە و هێدی هێدی بەرەو ڕوی دەڕوات))ئــای کۆنە ئاگردانی هاوڕێم لە بەر دەمی تۆدا چەند ژوانی شیرینمان بوو.. ئێستاش دەنگی تریقە پڕلە عیشوەکەیت لە یادە وانیە.؟ چەندم دەوت تۆ.. تۆ.. ناوترێ((نیگەران دەبێت)) ناو ترێ.. بینایی چاوان.. کۆنە کوانو.. دەبێ تۆ شایەتێکی حەق بێژ بیت وا نیە.. تۆ بڵێ.. چەند رۆژە ئاگرت لێ براوە ها؟. چەند رۆژە سەرماتە؟ دەی تۆ بیڵێ.. ((دەچێتە پێشتر دادەنەوێتەوە.. بۆ بەردەم کوانوەکە و هەڵدەتروشکێ لەبەردەمیدا و بە بێدەنگی دەوەستێ لە قسە کردن)) گوێ بنێ بە دڵمەوەبزانە تا ئێستاش چ زیکرێکی دەروێشانەیە بۆ دوو چاوی عەیاری ئەو شۆخە کیژە.. راستە.. _ جدی دەبێتەوە_ راستە من پیاوێکی توند وقاڵبوی ژیانی

جەنگ و توڕە بوونم بەڵام لە بەردەم نیگای ئەودا بەندی دڵم پچڕا.. سەیر بوو.. سەرەتای ناسینمان گەلێک سەیربوو.. نەمدەزانی بۆ وا دەمبزوێنێ.. هەستم دەکرد کەوتومەتە نێو جەنگێکی گەورەوە پڕ بووم لە ترس. من لە چەندین هێرشی لەشکری دوژمن نەترساوم کەچی لە بەردەم ئەودا نیگەران دەموت ئەو کیژۆڵەیە ناتوانێ ئەم شەڕەم لێ بەرێتەوە ئاستەمە.. کەچی وەک سەرکردەیەکی جەربەزە سەلماندی کە بۆ ئەو چەند ئاسانە نیشتمانی دڵێک داگیر بکات.. من خۆم گرت دەموت ڕەنگە تای حەزێکی کاتی بێت و تێپەڕ دەبێ.. تا گەیشتە ئەوەی شەوانە خەوم بزڕێنێ و کینگێڵی نێو پێخەفەکەم پێی ووتم خۆت هەڵەمەکە ئەوە عەشقەوهەموو جەستەتی گرتۆتە و (تازە لەم پێچ و پەنای زوڵفە نەجاتت زەحمەتە)*.. (کەمێک هێمن و ماندوو) یادتان بەخێر گۆرانیە سەنگینەکانی عەشق.. ئێوە هێندەی تر دڵی ئینسانتان دەجۆشاند بێ ئێوە چ تامی نەبوو ژیان.. _ پاش کەمێک وەستان _ ئای چیت پێ کردم کۆنە ئاگردان بردتمەوە بۆ رۆژگارێکی کەمێک پڕ تام.. (کەمێکی تر دەچێتە پێشێ دەست دەباتە ناو ئاگردانەکەوە و لەگەڵ دەستیدا بە سەرسامیەوە دوو سێ پارچە وێنەی سوتاو دەردێنێ بە وردی لێیان ورد دەبێتەوە و دێت.. دێتە پێشێ. تارادەیەک توڕە و نیگەران و سەرسام.. وێنەکان بەرزو نزم دەکات و دەیانداتە بەر روناکی تا لێیان تێبگات.. ئیدی

حاڵی دەبێت و توڕە).. نا.. نا.. نا.. ئەم وێنانە هی من نین.. وانیە کۆنە ئاگردان ئەو دەستەی لە گەردنی ئاڵاوە دەستی من نیە.. نەْ من دەماری گرژی پەنجەکانی خۆم دەناسمەوە.. هەرگیز.. هەرگیز من لەو شوێنەدا نەبووم و ئەم وێنەیەشم پێشتر بەر چاو نەکەوتوە.. هەرگیز ئەوە من نیم.. ئەی کێ یە؟ها؟! (وێنەکەی دەنێ بە گوێیەوە) ها؟کێیە بیڵێ.. کەمێک دەنگت بەرزکە کێیە؟! دەی بۆ نایڵێی وا دەزانی چی؟ دەترسی؟! گەر بترسایتایە کاری وات نەئەکرد.. کێیە ئەوە؟ بۆ وا بە ئارەزوی دڵ دەستی لە گەردنت ئاڵاندوە ها؟ بڵێ.. وێنەی ترتان هەیە تا بیناسم.. دەی.. قسە بکە.. قسە بکە قسە.. دەترسی لە وێنەکەشدا لە توڕەییم دەترسی.. نا.. نا.. نا.. نا.. نا.. تۆ بترسایتایە وات بەسەر نەدەهات.. دوا جار من نامەوێ لێم بترسی ئەوەی من لە تۆم دەوی عەشقە نەک تۆقین.. بۆ واتکرد _ ئاوڕدەداتەوە بۆ ئاگردانەکە_ کۆنە ئاگردان وێنەی ترت لاماوە تا ئەو بەدبینەی دڵی بردوە بیناسم (دەچێتە لای ئاگردانەکەو دەگەڕێت تا پارچە وێنەیەکی تر دەدۆزێتەوە، بە توڕەیی و خەم و هەنسکەوە دێتەوە پێشێ بە لەتە وێنەکەدا دەڕوانێ..) نەْ.. نەْ.. نەْ.. نەْ.. (توڕە بووە تا دواوتنی نە هێمن دەبێتەوە) هەرگیز ئەوە حەقیقەت نیە.. نا.. بۆ.. ئاخر بۆ...بۆ وات کرد.. (لەتە وێنەکە فڕێ دەدات و وێنەی کچەکە هەڵدەگرێ) فڕیت.. دات لە شەقەی باڵ.. قایلم.. بەڵام بۆ لەگەڵ

دوژمن؟عەزیزم بۆ؟! وا دەزانم ئێستا یەک یەکی یا قوتی وشەکانی من لە گەردانەی ملت دەکەیتەوە و پێکی شەوانەی سەگێکی نە گریسی پێفێنک دەکەیت.. ئاخر بۆ؟بینایم بۆ؟من پارچەیەک لە دڵم دایتێ و تۆش خستە بەردەم سەگ.. ئا –تورە تر – هیچ سڵ لەوە ناکەمەوە وایان ناو بەرم من هەموو تەمەنم لەنێو جەنگ و نەهامەتی و مردندا بە سەربردووە.. نیوەی عومرم لە شاخ و نیوەکەی تری لە بیابان.. جەستەیەکی ماندووی نێوان بەفر و ئاگر دەتەوێت چۆن بێت؟ها.. هێدیم.. هێدیم باشە.. هێمن دەبمەوە.. نا.. نا.. ئێستا لەچی بترسم مردن نا.. مردن هەر بە لاوی حەزی پێدەکردم بەڵام دڵنیام نزاکانی دایکم بوو چەند جارێک پاراستمی نەک خەمی تۆ.. نا.. (هێمن دەبێتەوەو دەچێتەوە لای پیانۆ شکاوەکە و لە سەر کورسیەکەی بەردەمی دادەنیشێ دەست دەدات بە پیانۆکەدا وەک ئەوەی بیەوێت تورەیی و ڕقی خۆی بەو دەرببڕێت.. بەڵام هێمنترە و بە هێمنی دەست دەنێبە پلاکەکانیدا) هەرگیز مەزەنەیئەوەم نەکردووە رۆژێک بێت هەڵبێی.. تۆ هەمیشە بەردەوامیت بە من دەبەخشی و دەتوت ساڵەکانی تەمەن ئەندێشەیەکی کۆنە فەرامۆشی کە هی ئەوەنیە هێند خەریکت کات.. کە من پێم دەوتی گلێنەکەم هەست بەوە دەکەم شەمەندەفەرێکە تیژڕەو دەترسم تەمەنم بەشی عەشقی تۆ نەکات.. کەچی بە عیشوەوە دەهاتیتە بەردەمم و سەرێکی پڕ لە

نازت بادەداو و دەتوت.. نا.. نا.. پاڵەوانێکی زۆر رۆمانسیت سەیرە جەنراڵێکی شاعیر.. یان شاعیرێکی جەنراڵ.. ئەوسا منیش دەکەوتمە گێڕانەوەی سەر بوردەی خۆم و عەشقی ئەدەب و شیعر و مۆسیقا جارێکی دی ئەو برینەم نوێ دەبۆوە کە نیشتمان و خەمەکانی منیان کردە هاوڕێی تفەنگ و دڵم بووە پارچەیەک بەرد. بەڵام هێشتا درزێکی تێداماوە جێی ئەڤین و عیشق و شیعر و جوانی و گۆرانی و مۆسیقای تێدا دەبێتەوە. (دەستێک دەنێت بە پیانۆکەدا) نا.. بڕوات بێت وەک نەریتی ماڵە بۆرژوایەک دام نەناوە من شتێک لە مۆسیقا دەزانم و رەنگە کۆنشەرتۆیەکی شۆپان بمکاتە سیمرخێکی بەرزە فڕ کە دوا سەماو گۆرانی لە بڵندابیدا دەبێت.. (دەکێشێتەوە بە پیانۆکەدا و هەڵدەستێتە سەر پێ) رۆشنایی چاوی من نە مانگ و نە ئەستێرە و نە خۆر پێیان نە بەخشیوم نا.. نورێک لە نێوما گەورە دەبوو.. رۆژ لە دوایی رۆژ درەوشەی دەدا.. درەخشانێکی سەیر. سەرچاوەکەی چاوی تۆ بوو.. هەستم دەکرد بینایم بە عیشقی تۆ روناک بۆتەوە کەچی ئێستا کوێرت کردم و نابینا.. بۆ.. من چیم هەبوو پێم بەخشیت ئاخر نە دەریای مرواریم هەبوو بتدەمێ نە ئاسمانێ لە یاقوت.. تەنها باخێکم لە گێلاسی عەشق شک دەبرد خستمە بەر دەستت و تۆش بەکامی دڵ کەوتیتە رنینەوەی کەچی ئێستا گێلاسی ئەو باخی عیشقە تاڵە.. تاڵ.. تامی ژەهر دەدات.. ژەهرێکی کوشندە.. گەر تامی ژیان

هەمیشە وا بوایە هەموو ئینسانەکانی سەرزەمین هیچ شەرێکیان لە پێناودا نەدەکردو مردن ئازیزترین هاورێ دەبوو.. ئای چەندم پێ ووتی.. عەشق یارییەک نیە کە ماندو بووی یان بێزار کۆتایی پێ بێنی عەشق جەنگە لەگەڵ خودو خودویستیدا گەر ناتوانی لە ئێستاوە ئەو سەنگەرە چۆڵکەو توشی چارەنوسێکی نادیارمان مەکە.. چەندم پێ ووتی کیژێکی سەلار بە و لەو وردە شەڕە شیرینانە گەرێ دڵم بەرگە ناگرێ.. چەند دڵ ڕەق بوویت.. دڵ ڕەق.. تورە دەبێت ئا.. دڵ ڕەق بوویت.. گەر نا گەردانەی ئەو دڵەی تۆ لە ملت کردەوە ماوەیەک لە گۆشەیەکی تاریکی ئەم وڵاتە بەرینەدا لەبن بەردی چیایەکدا پڕ بوو لە هیوا و شادی وای دەزانی جارێکی تر دێتەوە نێو ئەو پەنجە باریکانەت و وەک منداڵێک دەیلاوێنی.. ئەو چوزانێ تۆ بەو دەردەی دەبەیت.. دڵ چوزانێ.. من بەو هەموو ویقارەوە ڕۆژی وا هەبوو دەبومەوە منداڵێکی بچوک و دەکەوتمە یاری بە تەنیا بۆ ئەوەی شادییت پێ ببەخشم.. دێتە یادت چ مەشقێکی پڕ تام بوو(دەکەوێتە جوڵەیەکی منداڵانە و یارییەکی سەرنج بەر هەموو پانتایی شانۆکە داگیر دەکات بە هاوار هاوار و پێکەنین و غەڵبە غەڵب.. تا ماندوو دەبێت، دوا جار لە پێشەوەی شانۆ دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە وە بەرەو دواوە دەڕوات لەوێ لە بەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستێ و دەکەوێتە گفتوگۆ).

جەنراڵ: بە چ دڵێکەوە کەوتویتەتە ئەو مەزاقە.. ها.. دەبوو ئێستا لە ناڵیندا بیت.. دەبوو ئێستا لە گیانەللاڵدا بیت.. دەبوو ئێستا مردبیت.. چەند سەیرە.. براوەی جەنگە مەزنەکان و دۆڕاوەی بچوکترین جەنگ.. نا.. نا.. من دۆڕاونیم ئەو.. ئەو.. بوو.. من هیچ شتێکی هەڵەوپێچەوانەم نەکردوو.. ئەو بوو شەرمی لە جێ پەنجەکانم نەکرد بە سەرگۆنایەوە.. ترسی لە بریسکەی نیگام نەبوو لە نێو نیگای شەرمنیا.. هیچ نەسڵەمیەوە.. بە توندی پێی نایە سەر پڕ ئازارترین ئەندامی لەشم و تا بۆی کرا هێز.. تا توانی فشار.. هێز.. فشار.. هێز.. فشار(هەڵدەچێت) بەڵام ئەوەت لە یاد نەچێت لە هەر کوێیەکی ئەم دنیا بەرینە بیت هەرگیز دڵێکت دەست ناکەوێت بە هێندی ئەم لانە گەرم و پڕ سۆزەی جارانت (ئاماژە بۆ دڵی خۆی دەکات) بۆ ئەبەد ئەوەت لە یاد بێت کە کەسێک نیە لەم دنیایە توانیبێتی و بتوانێ نیو هێندی عەشقی من تۆی بووێت دڵنیا بە.. (تەماشای خۆی دەکات لە ئاوێنەکەدا) هێی چ دنیایەکە غەدار.. غەدر زەمەنی ئێمەی پڕ کردووە.. ((بە پشتاو پشت دەگەڕێتەوە، پاشان ئاوڕ دەداتەوە بەرەو بینەر)) خەریکە مێژوویەک بۆ بنێسە پیاوان قەزەم و وردەڵە و بودەڵەکان دروست دەبی مێژوویەک لێوان لێو لە درۆ.. بۆیە من هیچ بڕوام بەو مێژووە نیە.. (وچان) کە هێشتا خوێندکاری سەرەتایی بووم حەزێکی زۆرم لە وانەکانی مێژوو بوو

مامۆستا وەک حکایەتێکی ئەفسانەیی باسی لە هەڵمەتەکانی ناپلیۆن دەکرد.. خۆم لێ دەبووە ناپلیۆن و دەمویست لە دەروازەی گشت شارەکانی دنیا بدەم.. ئای چەند باشم لە یادە ئەو سەرەتای یەک ناسینەی وتت تۆ دەڵێی ناپلیۆنی دەرگای شاری هیچ دڵێک ناتوانێ خۆیت بەڕودا داخات.. چەند بە عیشوە و نازەوە ئەو وشانەت لە زار دەهاتەدەر.. من.. نەمزانی.. تۆش دەبیتە بەشێک لەو زەمەنی غەدرە.. تۆ لای من دنیایەکی پاک بوویت.. سادەو سازگار وەک ئاو.. لە بەفر دەچووی.. دەزانی بەفر چەند بێگەردە بەر لەوەی دەستی ئینسانی بگاتێ؟! دەزانی ((هێدی هێدی دەچێتە بەردەم قەفەزی باڵندەکە و تەماشای دەکات)) چ مەراقێکی گەورەیە.. کە وا دەزانم تۆ هەموو ئەوەی دەمویست دەتزانی و هیچت پێ نەووتم.. ناوی دەنێی چی؟! ها.. وەفا.. یان چی؟ بریا ئەو بە هێندی تۆ بیر لە سەنگینی ئەو وشەیە بکردایەتەوە.. ((باڵندەکە دەجولێ)) بۆ وا دەکەی.. بۆ ئەوەندە خۆت ئازار دەدەیت.. چیت دەوێت ئازادی.. دەترسم ئازادیت پێ ببەخشم و تۆ نرخی نەزانی دەترسم بە توندی هەڵبێیت و شیشی قەفەزەکەت باڵەکانت ئازار بدات دەترسم لە نرخی ئازادی تێ نەگەیت.. ئاخر من ئەزمونێکی تاڵم لەگەڵ ئەو ووشەیەدا هەیە تۆش شاهیدی.. بۆیە حەقمە بترسم.. حەقمە.. ((لە باڵندەکە دوور دەکەوێتەوە و دێتە پێشەوەی شانۆ)) لە ژیا نما ترسم نەناسیوە.. بەڵام ئەم ئەزمونە

تاڵە.. دەیەوێت بە یەکترمان بناسێنێ. من لە نێو توناو تونی مەرگا.. لە تاریکستانی زینداندا ڕەنگی ترسم نەناسی.. ئەو هاوڕێ نەبەزە.. ئەوەی هێندەی تر ئازایەتی پێ بەخشین.. ئەو بوو.. کە ریزیان کردین بۆ گولله باران وتیان دەی نکۆڵی لە نەتەوە و بوونی خۆتان بکەن و وێنەی سەرۆکەکانتان تف باران کەن یان هەر ئێستا دەمرن.. ئەو لە تەنیشتمەوە چرپانی.. هەرگیز ورە بەرنەدەی ڕۆژێ دێ ئەمانە لە ڕەگ و ریشەوە دەردێن..

هەرگیز داگیر کردن تا سەر نەبووە.. ئەو شەوەش لێمان گەڕان و فڕێیان داینەوە ناو زیندانە تەنهاکا نمان.. وبۆ سبەی کەوتنەوە گیا نمان.. تا بۆیان کرا ئەو پیاوەیان ئازار دا... ئای چ دڕندەیەک بوون وەک گورگێکی بریندار چۆن لە جەستەی قوربانی بەردەبێ ئاوا بوون بۆ ئەو.. چ.. چ.. چ هەرگیز کەسم نەدیوە بە وێنەی ئەو بەرگەی ئازار بگرێ.. بە حەق پۆڵا بوو.. ڕۆژانە چییان پێ نەدەکرد ئازار ببوە مشەخۆر ولە سەر جەستەی ئەو دەژیا ئەشکەنجەیەک دەدرا ئەستەم بوو کەسێک بتوانێ تەماشاشی بکات.. جارێک زامێکی گەلێک گەورەیان کردە پشتی.. لە زیندانە تەنها کەیەوە گواستیانەوە بۆ لای من و یەکێکی تر.. ویستمان برینەکەی بۆ سارێژکەین.. قایل نەبوو.. دەیوت زامی دەستی دوژمن هێندەی تر هێزم دەداتێ.. کیژۆڵە من لەوێوە فێری بەرگەگرتنی ئازار بووم دەڵێم پێ بنێ بە

دڵما.. دەی.. دەمەوێ منداڵ ببمەوە.. دەی پێ بنێ بە دڵما تا بۆت دەکرێ ئەو هەرمێی دڵەم بچوک بکەرەوە تا لەگەڵیا بچمەوە نێو منداڵی.. منداڵیم پارچەیەک لە ژان وپێکەنین.. بە سەرهاتی بە تام و یادگاری بە ژان و سوێ.. شەوی تاریک و نوتەکی کۆڵانەپێچاو پێچەکان.. ترسی خێو و درنجی چوخمەکەو بوێری و خۆ بادانی بەردەم کیژانی چاوبەڵەکی گەرەک.. هەموو ئەوانە لە لایەک و چاوی پڕ لە تورەیی باوک و قامچی یە پرچ خوێناوییەکانی زیندانیش هەموویان بەشێکن لە رابردووم..

چۆن گوڵ بگرم گەر من لەو جەنگەڵەوە هاتبم تۆ وتت دەتکەم بە گوڵزار گوڵزارێک لە شادی و باخێک لە کامەرانی.. تۆ وتت یەک تاڵی سپی لەو دارستانی قژەتا ناهێڵم کەچی وەها نەبوو.. وەهات نەکرد.. (زۆر تورە دەبێت.. دەچێتە لای پیانۆکە لەسەر کورسیەکەی دادەنیشێ.. هەوڵدەدات بە پیانۆکە پارچە ئاوازێک بژەنێ بەڵام بۆی تەواو ناکرێت بە توندی پیای دەکێشێت و لە ناو چەپکێک روناکیدا لە سەر کورسی پیانۆکەوە رودەکاتە بینەر و نیگەران و مات دادەنیشێ پاش کەمێک بە هێمنی دەکەوێتە گفتوگۆ) دەبوو لێی گەڕێم ئازاد بێت دەبوو هەستی ئەوەی بدەمێ کە ئەو باڵندەیەکی نێو قەفەز نیە نەتوانێ بە ئارەزوی دڵی خۆی تامی سەربەستی بکات دەبوو وا بکەم.. وام دەزانی بەو کارەم دەبمە پیاوێکیجیاواز لەو بەرگە سەربازییە.. وام

هەست دەكرد كیژێك كە ئەم دە شەتڵەی پەنجەم لە باغی پرچیا هەمیشە میوان و هەمیشە موسافیر بوون قەدری ئەو ئازادییە دەزانێ.. تێ دەگات من عەشق وام لێ دەكات لە هەموو داوایەكا دڵ نەشكێنم.. جارێك تەواو مەستی نیكا و حەیرانی هەناسەی بووم و مەستانە دەدوام مەستانە دەجوڵام ((هەندێك جوڵەی مەستانە دەكات))مەست وەك نەورەسێكی دڵ پڕ لە ئەوینی دەریـا.. لە بەردەمیا دەمدا لە شەقەی باڵ و دەموت چیت دەوێ گلێنەم گەر حەز دەكەیت ئەو شاخەت وەك فەرش بۆ راخەم هەر ئێستا فەرمانت بە جێیە.. مەست بووم مەست_پڕ بە دەم هاوارم دەكرد هێی ((هاوار دەكات)) هێی خەڵكینە.. من ئەم كیژۆڵەیەم خۆش دەوێت.. زامێك وا لە ناخمایە هەتوانی قامكی نیانی ئەو نەبێت ئەستەمە سارێژ بێ.. هۆو خەڵكینە.. گوێ دەگرن یان نا ئێوە ئازادن بەڵام من هەر دەیڵێم.. وەرن جەرگم هەڵدڕن بزانن چی تیایە.. ((لە پرتاو دەوەستێ)) تا گۆرانیەكانیشم بۆ تۆ بوون.. هەنسك و هەناسە و هەموو شتێكم بۆ خاتری چاوی تۆ هەمیشە ئامادە و هەمیشە قوربانی بوون.. كەچی تۆ.. ((دەوەستێت و پاش كەمێك دەكەوێتەوە جوڵە)).. تۆدەتەوێت بڵێی چی من خەتابارم مەگەر خەای من بەتەنها ئەوەبێت لەناخی ناخەوە خۆشم ویست.. چی نەدەگونجا تەمەن یان خولیاو ئارەزوو.. خۆمن بەزۆر عەشقم بەسەردا نەسەپاندووە.... ئێوارەیەك ئای

لەو ئێوارەیە هاتە بەردەمم و ووتی (لەپرناو دمی دەگرێت) باش.. باش.. باش.. نایڵێم یەک ووشەی نادرکێنم خۆتی پێوە خەریک مەکە.. تەواو.. تەواو.. نیازم نیە هیچ بڵێم... بۆ بۆمن تاوانە گەر نهێنی ئێوارەی ئەوینێک باس بکەم.. بەڵام ئەو هەموو عومری من بەهەدەر بدا.. بۆمن چیم نەپێغەمبەرم تا سەبرێکی کوشندە لەناخمدا سەری هەڵبا.. نەدیوارێکی کۆنم روخانم هیچ بایەخی نەبێت...من منیش وەک ئەو ئینسانم...ئینسان.. (ماندو دەبێت و هەناسەسوار بێدەنگ دەبێت و پاش کەمێک رامان و بیرکردنەوە)من دەبێت لەم وەهمی چاوەڕوانیە.. لە دیلی ئەو چیرۆکانە هەڵبێم دەبێت لە تۆ رزگار بم.. گەر نا دەمرم.. بەڵام بەر لەوەی دوا یادگاریت لە بن بێ گوێبگرە.. من یەزدانم لە جوانی چاوەکانی تۆیا خۆشویست.. لەو ئامێزە خنجیلانەیەی تۆیا بوو تەنها لەوێدا توانیم لەو دڵە تێ بگەم کە بۆ مەزنی خودا لێدەدات.. کەچی زۆری تر ئەوانەی منیان بەبێ بڕوا ناسیوە دەیانزانی هیچ کاتێک ئەو یەزدانەی من بە خەیاڵی ئەوان نایناسم رۆژێک نایەت وەڵامی دڵە کوتێیەکم بداتەوەو لە ساتی پێویستیەکا بە هانامەوە نایەت بەڵام. دەیبینی ئەو خودایە لە ئاهی منا چیتان بە سەردێنێ دەیبینی.. خۆشەویستەکەی جارانم.. ئەوەیبویتە پاڵەوانێک لە رابـردوو.. ((گوێ دەگرێ لە دەنگەوە دەنگی باران دێت)) ها.. گوێم لە نمەی بارانێکە هێدی هێدی دەرونی

زەمین دەشواتەوە.. لە مێژە لە یادی کردووین.. دەبێ ڕەنگی باران چۆن بێت.. هەمیشە لە هەورم دەپرسی ئاخۆ ڕەنگی باران چۆنە.. ماتدەبوو.. لە پرتاو لە چەخماخەی دەداو پڕ دەبوو لە توڕەیی تا باران دەهات و ئەو گڕەی خامۆش دەکرد.. (لەگەڵ باڵندەکە.. پاش داگرتنی قەفەزەکە و ئازاد کردنی..) وەرە با پێکەوە گوێ لەو گۆرانیە نازدارە بگرین کە باران دەیچڕێ وەرە با بچین لەوێ لە سەمایەکی شێتانەدا پاک بینەوە.. من لە ئازاری جەنگێکی بێ ئاکام لە پای عیشق و تۆش لە تاو تەنگی دیلی.. دەی.. وەرە با پاک بینەوە.. باران.. دا خۆ ڕەنگی باران چۆنە کەمناڵ بووین وامان دەزانی ڕەنگی باران وەک خەیاڵی خۆمان ڕەنگاو ڕەنگە لەگەورەییدا دەمان شوبهاند بەپرچی یاربەڵام ئێستا من نازانم ڕەنگی باران چۆنە.. ئەمەوێ وەک باران ڕەنگین بم بەرەنگێ وەک خەیاڵەکانی منداڵی... من ئێستاش لەسەرگوزشتەی باران حاڵی نەبووم. بۆدەگری؟! ئای خودایە دەبێت باران چ ڕەنگ بێت. (لەگەڵ باڵندەکەدا لە دەرگایەکی گەورەوە دەچنە دەرێ کە دەرگاکە دەکاتەوە چەخماخەی هەورێک و دەنگی هەور و باران لە دەرەوە دێت.. لە دەرەوە دەردەکەوێت لە بەردەم باراندا.. سەمای پاک بوونەوە دەکات)

**کۆتایی ٢٠٠١/١٢/٢٨**

## پاسەوان

لە باکگراوندی شانۆکەدا دەرگایەکی مەزن لە ستایلی دەرگای قەڵاکانی سەردەمی ڕێنیسانس بەڵام بە قوببەی قورقوشم و فافۆن داپۆشراوە، لە سەرەوەی دەروازەیەکی بچووک هەیە بەڵام ئەویش دەرگایەکی بچووکی هەیە کە داخراوە. لە خوارەوەی دەرگاکە دەرگایەکی بچووک هەیە بۆ هاتوچۆی یەک کەس دەبێت. دەنگ و هەرای کەسێک دێت کە لە گەڵ چەند کەسێک بەشەڕ هاتووە... لەپرتاو کەسێک (پاسەوان)ە لە بەرزاییەکەوە فڕێ دەدرێتە خوارەوە

و هەر دەنگ دێت.

**پاسەوان**: (بەر لە کەوتنەخوارەوە) ناهێڵم.. لەعنەتی.. دەبەنگ.. هەموو دنیام بەسەردا بڕوخێنی.. ناهێڵم.. هەنگاوێک بچیتە ئەو دیوەوە، لە پەلوپۆت دەخەم.. ناهێڵم.. دەبەنگ.. نەفرەتی...(دەکەوێتە خوارەوە).

(بە هەناسەبڕکێ وە لە پێشەوەی شانۆکە دەڕوانێ)

هەموو ئەو حەرفانەی کە پێشتر دەمزانی لەبیرم چووەوە... یان لە بیریان بردمەوە. دەم و چاوی خەڵک و زمان و بیرکردنەوە و رەفتاری ئاشنایانم لە یاد چووە. من خۆشمم لەیاد چۆتەوە. زۆر جار بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کێم لە گیرفانەکانمدا بە دوای پێناسەکەم دا دەگەڕێم... (دەگەڕێت) بەڵام ئەفسووس کە نایدۆزمەوە.. تۆ بڵێی رۆحێکی غەریب بم و هیچی تر یان بوومەتە رموزنێکی بەد..

(لەپڕتاو هەڵدەستێ و بە خێرایی دەجـووڵا وەک لە دوای یەکێکەوە بێت).

وەرەو وەرە وەرە.. نەڕۆیت.. بۆ هـەروا ئاسانە لێرەوە تێپەڕبوون! بۆ کوێ ئەچی؟ لە کوێ بوویت؟ بۆلای کێ ئەچیت؟ لای کێ بوویت؟ چی ئەکەیت؟ ئەی پێشتر چیت کرد؟ حەزت لە چییە؟ ئەی رقت لە چییە؟ خەڵکی کوێیت؟ چیت خواردووە؟ بۆ

خواردووتە؟ ئەی بۆ نەتخواردووە؟

**پاسەوان**: (ئەوەندە جووڵاوەتەوە گێژ بووە) کۆمەڵێکی تر پرسیار.. پرسیار تا.. تا سەرشێت بوون.. چ.. چ..چ.. من تەنیا نیم.. وا نەزانی تەنیام.. نا.. نا.. نا.. تەنیا نیم.. خەیاڵ راحەت بە.. نا.. هەرگیز.. هەرگیز..هەرگیز.. پیم وتی تەنیا نیم.. نەخێر نەخێر نەخێر وا نیە... ئێستا دێن هروژمی هروژمی.. پیاوە بڵند و زەبەلاحەکان دێن و منیش بە پێکەنین و نەوازشەوە هەردوو دەرگا مەزنەکە بۆ پیاوانی مەزن دەخەمە سەر پشت.. من و دەرگا هەمیشە پێکەوەین.. دڵنیا بە تەنیا نیم.. من هاوڕێیەتی پەنجەرە ناکەم.. پەنجەرە چییە.. رووناک و دڵ ساف بێ نهێنی، من و دەرگا پڕ پڕین لە تاریکی و ئەسرار.. دەرگا ئەم دیو و ئەو دیوی دیار نییە.. من وەک دەرگا پڕم لە نهێنی.. ئاسان ناکرێمەوە.. کەی بمەوێ بەقفلێکی باڵ ئەستوور دەبمە عاسی ترین مەردووم.. کەس یەک حەرفم لێوەرناگرێ..

(لەپڕتاو بە پەتێکەوە دەبەسترێت و بۆ سەرەوە کیش دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێت). هیچ نازانم.. کەسم لەگەڵ نەبووە. تاوانم، تەنیا تاوانم کوردبوونە.. لەگەڵ کەس کۆ نەبوومەتەوە.. سیاسەت.. هەرگیز.. سیاسەت کێیە! من کەس بەو ناوە ناناسم. کێ.. کێ.. ئەوانە کێن.. نەخێر. نا.. ئاخ.. سەرم. وەک تاشە بەردە.. دڵنیابە یەک وشەی

ترم لێ نابیستی.. هەر ئەوندە دەزانم.. دڵنیا بە.. ئاخ.. (هاوار دەکا) ئاخ.. (دەکەوێتە خوارەوە) ئەو هەموو ئازارە بۆ ئەوەی بڵێم بەڵێ.. نا.. نایڵێم من.. کەس ناناسم و کەسیش نامناسێ.

**پاسەوان:** (بێدەنگ و پاش کەمێک هەناسە بڕکێ) هەرچی قوربانی مان دا بە فیڕۆ چوو. چەردەیەک دز و چەردەیەک چاو لەدەر زۆربەی زۆری قوربانی دانەکانی ئێمەیان کردۆتە خەڵات بۆ خۆیان و ئەوانی تری کە هەر خۆیانن بەڵام ناوی تریان هەیە..(لە پڕتا لە دوورەوە دوو رووناکی بەهێز رووی تێدەکەن، وەک دوو لایتی ئۆتۆمبیل) هێواش.. هێواش.. کوێر بووم.. کوێر.. تۆ کێی؟ ئەو هەموو جورئەتە لە کوێ ئەهێنی.. من پاسەوانی مەزنترین دەرگای گەردوونم.. سنوورێک لە نێوان نهێنی و ئاشکرابوون دا دەپارێزم.. بە سەر سەریشما بڕۆی لا ناچم.. کێی؟ تۆ کێی؟ (وەک ئەوەی بە پاڵ و شەق لاببرێ) هێواش.. هێواش.. لاناچم. ئێوە کێن.. بۆ کوێ ئەچن؟ کەس لەوێ نییە؟ هێی.. دەبەنگ.. هێی..دڕندە.. بۆ کوێ..؟! (کۆمەڵێک لایتی بە دوای یەکدا لێدەدرێ). ناهێڵم.. من چەند ساڵە لێرە حورمەتی ئەو دەرگایە دەپارێزم.. هەندێک جار بە پاڵ، بە شەق.. بە قۆناغە تفەنگ تێمبەربوون و من هێشتا هەر سوور بووم لە سەر پاراستنی ئەو دەرگایە..

لەشکری مەزنی هۆلاکۆ.. سوپای هیتلەری زەمان، حەشامی هەزارەها ئیمپراتۆری چاو شووشەی سەر ئاسنینم لەم دیوی ئەو دەرگایەوە راگرتووە و نەمهێشتووە تێپەڕن. یاخی بووم.. لە فرمانی هەزارەها دڵ بەرد یاخی بووم. وەڵامی نەعرەتەی سەدان ئەمیری مست پۆڵایینم نەداوەتەوە.. ئێستا ئێوە ئەتانەوێ بە سانایی تێپەڕین..

(لە پڕتاو وەک ئەوەی باڵندەیەک بە سەر ناوچەکەدا لە شێوەی رووناکی دا بەو ناوەدا تێپەڕ بێت و دەنگی قیژەی دێت، پاسەوان سەرشێت دەبێت و بەو ناوەدا دێت و دەچێت و دەنەڕێنێ).

باشە.. باش دەزانم.. تۆ دواجار تۆ دەبیتە باعیسم.. دەزانم باڵندەکە سەرشێتم مەکە.. خۆم دەیڵێم.. خۆم دانی پێدا دەنێم.. نا من ترسنۆک نیم بەڵام.. ناوترێ.. ئێستا ناوترێ.. باشە.. باش.. دەیڵێم.. من..من ئەو هەمووە بەرگرییم کرد، بەڵام سەد جەغار.. هاوڕێکەم.. راستتر بڵێم..براکەم درزێکی خست نهێنی ئەو دەرگایە چەتوونترین چەتە و رێگرەکانی دنیا لەو دیویان روانی.. رێگرە کۆنەکانی نێو خۆرافەکانی رابردوو هاتن و ئەو درزەیان کردە سەرە رێ. هەر وەرزە و بە بیانوویەک دەهاتن هاوینان دەیانوت بیابان هاڵاوی گەرمی لێ نیشتووە و ئێرە کوێستانێکی دڵگیرە... زستانان.. بۆ

ئەوەی وێنەیەک لەگەڵ بەفر دا بگرن.. بەهار.. دەیانوت حوزنی ئەو هەمووە کۆترە راوی ناوین.. ئەوان دەیانەوێت لە سەر درەختێکی رەنگین هێلانە بکەن و ئێمەش ئەوە شک نابەین.. پایز دەیانوت بەهار بوو ئێمە وەعدمان لەو سەرڕافە کڵاو قوتانە وەرگرت یەکی باتمانێ گەڵا لە بەرامبەر ئازادی‌دا بەرین.. سەد جەغار.. هاوڕێکەم.. براکەم.. سەد جەغار رەنج بێوەرخۆم

(بە خەمەوە خۆی بە دیوارەکەوە دەگرێ)

تۆ برا دووژمنەکەم بە هێندی سەگە بەرەڵاکانی ئەو شاری تەمەشت پێنەکرا شەوێک هەندێک تەور بەدەستی بیابان هاتن دڵی دەرگاکە بشکێنن ئەوان دەیانویست ئابڕوی باخچەکانی ئەودیو بەرن.. مەبەستیان ئەوە بوو ئەو باخی گێلاسە ئەتک بکەن کە چەند نەوەیە لە دوای یەک وەک شەرەفی خانەوادە دەیپارێزن.. ئەو شەوە.. هەرچی سەگی بەڕەڵڵایە هاتن و پێکەوە کارێکمان پێکردن جارێکی تر لە خەیاڵیشا بیر لەو دەرگایە نەکەنەوە.. سەدجەغار.. برا دوژمنەکەم.. نائومێدت کردم..

(بە هێمنی وردە وردە دێتە پێشەوەی شانۆکە و لە بازنەیەک رووناکی‌دا بە هێمنی دەدوێ وەک ئەوەی بۆ لێدوانێکی تەلەفزیۆنی بەوپەڕی ئارامییەوە قسە دەکات)

من لەم دەرگایەوە دەچمەوە سەر ژیان، لێرەوە ئەبەدییەت دەناسم. ئارەزوو ناکەم جارێکی دی بە سەر واژەی جەنگەکاندا گوزەر بکەمەوە.. لێرەوە من رازی نابم ئەم وڵاتە بە شەڕ ببێتەوە.. رقم لە گەمارۆیە گەر گەمارۆی دارستانێکی پڕ لە شەونمیش بێت.. حەزم لەوەیە کە بە دیار دەنگی خالقی‌یەوە تاسە بمباتەوە و جارناجارێک کەروێشکە خەوێک بە رەقی دەرگاکەمدا بدات (زەردەخەنەیەک دەکات و بە هێمنی لە سەر قسەکانی بەردەوام دەبێت). منداڵ بووم بەو کڵاوە ئاسنینەی داپیرەم خەیاڵ دەیبردمەوە.. کەمێک زیاتر عومرم هەڵکشا لە سیحری ئەو خەیاڵە گەیشتم... دەمزانی رۆژێک.. رۆژگارێک دێت و چەندها سەری بێکڵاو و کڵاوی بێسەر.. سەری بێلاشە.. لاشەی بێسەر.. دەبینم.. من بە توندی دژی ئەوەم جارێکی تر بە زۆر پەلمان بگرنەوە بۆ شەڕە بێسەمەرەکان بمانبەن.. دەزانی.. گەورەم دەزانی.. ئەمجارەیان نایەم.. یاخی دەبم. ئەچمە بڵندترین شوێن و لەوێش لە پشت دیواری تاریکییەوە خۆم دەشارمەوە.. دڵنیات دەکەم ئەمجارە نایەمە وە.. گەورەم.. دڵنیا بە..گەر لە ناو حەشاماتی خەڵکی ناڕازیشدا بیت خۆم ون دەکەم.. دەچمە نێو ئەشکەوتەکانی بیرچوونەوە و وەک پیاوی ناو حیکایەتەکان بەردێک دەنێمە دەروازەکە و لەو

دیوەوە سیٚسەد ساڵ دەخەوم.. تا هەرچی شەڕتان هەیە لەگەڵ یەک تەواوی دەکەن.. (پێدەکەنیٚ) خەممە ببمە گاڵتەجاڕ.. دەترسم پاش ئەو سیٚسەدساڵەش بێمەوە نەوەکانتان خەریکی دانوستانی شەڕەکانی ئێوەبن گەورەم ببورە بەڵام من ئەمجارە نایەمەوە بۆ شەڕ.. ببوورە.. کەقسەت دەشکێنم.. «تەقەی دەرگا دێت.. زۆر.. لەوە دەچێت پێکەوە لە سەد دەرگا بدرێت، پاسەوان سەرشێت دەبێت و دەگەڕێت و دەپرسیٚ» کێیە؟.. کێیەکیٚ؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە.. کێی؟ هەر لە خۆڕاوە دەرگا ناکەمەوە تا نەزانم کێی؟ جەنابت؟ فەرموو قسە بکە؟ بزانم کێی؟ ئەگەر کاروانچین و دەتانەویٚ لێرەوە تێپەڕ بن ئێرە موسافیرخانە نییە.. من لەم دیو ئەو دەرگایەوە کە ئێوە دەتانەویٚ بە نێویدا گوزەر بکەن.. جیاوازی نییە.. لەو دیوەوە سەرابستانێکە هیچی لیٚ تێناگەم.. ئەوندە هەیە.. گەورەیەک منی لێرە دانا و وتی نهێنی ئەو دەرگایە بپارێزە..من ئەوندە دەزانم ئەودیو پڕەلە نهێنی و هیچی تر.....رەنگە زیندان بێت، یان باخچە، رەنگە دارستان بێت یان جەهەننەم.. شتێکی وا دەربارەی نازانم، بۆ یەک جار رێم کەوتۆتە ئەو دیو.. تەنهاگوڵزارێکی رەنگاورەنگم دیوە و هیچی تر.. بەڵا.. هەر نەتوت تۆ کێی؟ (دەنگی دەرگاکان دەمێکە نەماون)

(باران دەبارێ.. هەورە بروسکەش لەگەڵیدا. پاسەوان دەچێت چەترێک دەهێنێ.. لە ناو برووسکەدا چەند جۆرە جووڵەیەک دەکات. دواتر چەترەکە فڕێ دەدات. .لە ناو تەڕایی بارانەکەدا تەپاوتل دەکات و گۆرانی دەڵێ:)

بـــارانـــەو بـــارانـــە وەی هـــــەوای بـــارانـــی تـــازە
ئەگەر یار مەیلی لێ بێ وەی بۆم دێتە نێو دەروازە
ئەرێ بۆ چاوکاڵی یارم بۆی دێنمەوە گوڵ و گوارە
یاری من بۆ خۆی گوڵ وەی ماڵیان لە نۆ هەوارە
یـــــــــار مـــــــاڵـــــیـــــــان وا لـــــــــــەو بـــــنـــــارە

غەریبترین عادەتی خەڵکی وڵاتی ئێمە.. ئەوەیە لە شین و شاییدا هەر سەرمەستی ئاوازن.. سروەی گۆرانییەک لە ماتەما نەشئەی ژیان دەبەخشێ.. دەمانخاتەوە سەر بەزمی خۆمان، لە شەڕ و ئاشتی و تەنانەت لە وادەی مردندا گۆرانییەک دەمانکاتەوە بە کوڕەلاوەکەی نێو کۆڵان کە نیگای هاوسێکەی بەر پەنجەرە گرفتاری کردووە و تکای لێدەکات ئەمجارەش بێتەوە.. حەقە ناومان بنێن وڵاتی گۆرانی، نیشتمانی سروود، میللەتی ئاواز، گەلی

نەغمە و ساز. بۆ؟! باشتر نییە لە عەشرەتی چەقۆ و هۆزی بیابان و کوڕەزاکانی وەیشوومە.؟.. بە چی پێدەکەنی (تووڕە دەبێ). بەچی پێدەکەنی دەبەنگ... گۆرانییەکانی ئێمە گەلێ لەو هات و هاوارەی ئێوە شیرینترە.. سەربوردەکانی ئێمە زۆر لە حیکایەتە درۆ و وەهمەکانی ئێوە سەنگینترە ئەی تۆ بە تەما نیت جوانی کەنەسمەکانی ئێمە بە سیمای دزێوی قەلەرەشەکانت بچوێنی.. گەر بارانی ئێمە نەبێت تینوویەتی دەکات بە دوو کەرتەوە.. شەوی ئێمە نەبێت رۆژی تۆ هیچ مانایەکی نییە.. چاو دامەگرە خوێن سارد.. دەزانم تۆ لە لەدایکبوونتەوە کەوچکێکی پڕ لە ژەهرت بە دەستەوەیە و هەر رۆژەی تۆزقاڵێکی دەکەیتە سەرچاوەی ئەم رووبارە.. تۆ هێدی هێدی ژەهری خۆت دەڕێژی و ئارام دەمانکوژی.. باشت دەناسم.. باپیرەت راوی تاوسی دەکرد و لە ناو دەفتەرەکانی با دا خۆی بە شاعیر نووسی بوو. بە دیارمەوەئەوق مەبە.. ئەمانە سەردێڕی ئەو هەقیقەتانەن کە دەمەوێت بیانڵێم.. دەست بەرزمەکەرەوە..لێ گەڕێ با لەگەڵ ئەو هەمووە ئازارە بۆ یەکجار وێنەیەک بگرم و ئیتر چی لێدەکەی بیکە.. پەکوو... لەو مەینەتییە..بۆ کوێی بەرم بۆ من بنمیچێک شک ئەبم تا لە ژێریا بحەوێمەوە، ئیتر ئەو هەموو حەسرەتە لە کوی حەشار بدەم..

مەترسە.. چ نییە.. دەڕەوێتەوە.. من خەون نابینم.. پاسەوان ناخەوێ ئیدی چۆن خەون دەبینێ..من وەک مردوو وام خەون نابینم.. ترست لێ نەنیشێ.. (پاشان وردە وردە بەرەو دەرگا گەورەکە دەڕوات و گوێ دەنێ بە قوببەکانەوە ودەسڵەمێتەوە)

رەنگە ئێستا لەو دیو سنوورەکانی ئێمەوە هەناسەیەکی گەرم بەرەو ئاسمان هەڵکشێ.. هەناسەیەک لەوانەی رۆژگاری زوو.. ئەوکاتەی پاسەوان و زێوانی گۆڕستان بووم و شەوانە ئاه و نزوولەی ئەو جوانەمەرگانەم گوێ لێ دەبوو کەسکاڵای سەردەمەکانی ژیان رازەکانی بەر لە مردنیان بۆ یەک دەگێڕایەوە و بە دیارییەوە هەناسەی گەرمیان دەکرد بە رووی یەکتردا و بەوە دڵی یەکدیان دەدایەوە.. شەوێک.. زۆریان هاتنە دەرەوە و مانیان گرت کە بەو بەرگە سپیانەوە بەرە و شار بڕۆن.. بە خۆیان و زام و مەینەتییەکانیانەوە بڕیاریان دا بچنەوە و لە دەرگاکانی شار بدەن و هەموو نوستووەکانی ئەو شەوە بێدار بکەنەوە.. شەوێک.. لە خەیاڵی هیچ شێتێک یشدا جێی نابێتەوە.. ئەو هەموو کفن پۆشە هەستان و وتیان دەچینەوە بۆ شار ئەو هەموو ماوەیە تەنیایی و چاوەڕوانی بڕستی لێبڕیوین..

(سەر شانۆ دەبێت بە تیشکێکی رووناکی و بەرگی سپی و

پاسەوان لەگەڵیان دەکەوێتە قسە) برا جوانەکەم.. چاوە راستەکەم تۆ هانیان مەدە با هێور بنەوە.. لێیان گەڕێ با لەو کەللە رەقییە پەشیمانیان بکەمەوە.. خاتوون تۆ ئاخر.. نابێت چۆن ئاوا.. دەزانم مێردێکی نەگریست هەبووە.. دەزانـم تا ئێستاش جێی زام و ئازارەکانی بە جەستەتەوەیە.. ئەی تۆ بۆ.. ئازیز.. من وام دەزانی لانی کەم تۆ ناچیتەوە.. تۆیەکی هێمن و ئاخر چۆن بەو کارە قایل دەبیت..من.. راست دەکەی منیش وەک ئێوە قوربانیم.. بەڵام هێشتا ئەوە بە رەوا نابینم شەوی شارێک پڕ بێت لە تارمایی کفن پۆش و هەرچی منداڵە زاڵە ترک بێت و ئیدی.. راست دەکەی.. تۆش راست دەکەی کچە ئازیزەکەم منیش وا دەڵێم.. دەزانم غەدریان لێکردی.. نیگایەک ئەوەی نەدەهێنا.. عەشق لە هیچ فەرهەنگێکدا حەرام نییە تا تۆی لە سەر بکووژن بەڵام چی لەگەڵ ئەو نەفرەتە دەکەی کە بەرۆکی گرتووین جەهلێک کۆتی کردووین و ناهێڵا هەنگاوێک بەرەو پێشتر برۆین.. بڕواتان بێت هاوڕێیانی کفن پۆش.. منیش لەو تاریکی و بێدەنگی و تەنیایی و چاوەڕوانییە بێزارم.. بەڵام چی بکەم.. چۆن لەو نەریتە دەربازمان دەبێت. ئێوە.. هێور بنەوە با پێکەوە قسە بکەین.. من دەڵێم ئاوا هیچمان پێناکرێ..شەڕێک.. کوشتارێک دەنێینەوە و ئەزانم.. کاکە گیان.. تۆ بە زۆر بردیانی

بۆ شەڕێک و بە دەستی دوژمنی برا کوژرای ئێستاش کە دایکت دەچێت یارمەتییەکەت وەرگریٚ کابرای بەر دەرگاکە پاڵی پێوە ئەنێ.. هۆی تۆ نا هەموو کەس ئا.. بەڵام تۆ بۆ.. لەوەتی مردن هەیە تۆ لێرەیت و خەوتوویت و هیچ کێشەیەکت نەبووە ئیتر بۆ وا دەکەیت.. من رازی نیم..کەس بە ناوی منەوە هیچ نەڵێ.. من هێشتا لێرەم و دەژیم (قسەکانی شێوەی وڕێنە وەردەگرن، بە چاوی نووقاوەوە لە ناو چەپیکێک تیشکی رووناکی‌دا وەستاوە، دۆخێک لە نێوان دەروێشی و سۆفێتی‌دا لەبەر خۆیەوە ورتە ورت دەکات و گیانی نیشتۆتە سەر ئارەقە.. لەپڕتاو شل دەبێ و دەکەوێ)

(تیشکی باڵندەکە بە سەر شانۆدا تێپەڕ دەبێت.. پاش ماوەیەک بێدەنگی) ئای چەند ئازای بۆ من کوشتن.. بۆ ناچی لە سەر کۆشکێکی بەرز بنیشیتەوە.. لە مردنیشدا جیاوازین.. مەرگیش بۆ ئێمە زووتر دێت.. چیمان هەیە لێی بترسین چ هیوایەک تا چاوەڕی بکا لە رازەکانی ببینەوە.. گوێ بگرە.. باڵندەکە. کە چوویتەوە ئەوێ پێیان بڵێ من لێرە نیم.. ئەمجارەیان وەختێ لەشکری تاعوون دێتەوە.. کە سوپای پۆستاڵ پۆڵایینی رسوایی سنوورەکانمان دەبەزێنێ.. من لێرە نیم.. لە سەمەرقەند خەریکی پیاسەیەکی پڕ شەوقم لەگەڵ گوڵە مێخەکێک دا.. یان ژوانم لەگەڵ نەورەسێکی

خەمگین هەیە لە کەناری دانووب.. لەوێ لە بن سێبەری درەختێکی ئامازۆن دام لەو پەڕی دنیا بەخت بۆ پەپوسلێمانکەیەکی خەڵەتاو دەگرمەوە.. ئەمجارەیان هاوڕێ بەدبینەکانم من لێرە نیم.. لەوێم..

(دەنگی کـردنـەوەی دەرگایەکی ئاسن و لە نـاو تیشکی رووناکییەکی لاکێشەدا هەندێک وردە کاغەزی بریقەدار لە سەرەوە دەکەونە خوارەوێ، پاسەوان بە هێمنی دەکەوێتە قسە)

گەر ئێوارەیەک یەزدان دەرگایەکی ئاسمان بخاتە سەر پشت هەموو مەردوومی سەرزەمین بە نیگاری ئەوێندەر مەست دەبن و خۆیان بە سامالی ئەو درەخت و ئاپارتمان و دارتێل و ئۆتۆمبیلانەدا دەدەن و باکیان نییە.. تینوویەتی زامدارێک بن لە یادیان دەچێت.. برسی حەوت رۆژ بن بە خەیاڵیان دا نایەت.. ئەفسوونی ئەو دەرگایەی ئاسمان وایە.. باپیرم هەمیشە بە خەیاڵی ئەو رۆژەوە دەنووست و تا چاوی نا نەیبینی..

(بە هێواشی دەنگی بانگ دەبیسترێ و پاسەوان بە هێواشی هەڵدەستێ بۆ نوێژ دەچێت بۆ دەستنوێژ گرتن. دوای ئەوەی لە نوێژ دەبێتەوە) گوڵا.. ئێستاش دوای هەموو نوێژێ دۆعات بۆ دەکەم.. ئێستاش هەر چاوەڕوانی ئەو رۆژەم سۆراخێکت بزانم.. ئەزانم شەرعییەتیان دا بە مردنتان و دەزانم.. بەڵام من هەرگیز

رازی نابم تۆ بە مردوو لە قەڵەم بدەم.. (وەی گوڵاّ.. هەر لە گوڵاّ لە سوورە گوڵاّ غەریب نەوازی.. ئای گوڵاّ.. لە ئایشێ گوڵاّ.. لە منی بابان شێواوێ.. ئای.. ئاخ)

(بە گۆرانی دەیلاّ وەک گۆرانییەکەی سێوە)

ئاخۆ گوڵە ئێستا هاوڕێی کامە ئەستێرەی سەحرا بیت.. ئاخ گوڵاّ.. وای گوڵاّ.. خۆزگە ئێستا لەم دنیایەی منەوە نزیک بای.. خۆزگە گوڵاّ من و تۆ.. نامەوێ.. (کۆمەڵێک رۆژنامە دەبارێن.. با دەیانهێنێ و دەیانبات.. بەو ناوەدا بلاّو دەبنەوە)

من بەو قسانە قایل نیم.. کچەکانی ئێمە بۆ فرۆشتن نین.. غەمزەی کیژە کورد بۆ لمۆزی لیکنی ئێوە نابزوێ بۆ کوێ؟ تۆ قبووڵی مەکە نەفەرتیتی.. تۆ کیژە شاخنشینەکەی میتانی.. چۆن قبووڵی دەکەی ئەو هەموو کارمامزەی ئامۆزات بەو دەردە بچن.. چۆن دەتوانی... ئاخۆ تۆ تەماشایان دەکەی.. ئێوە ئەخناتوون.. پادشاکەی بە دوای عەدالەتدا دەگەڕێی.. سێبەری خوداوەندەکان... ئێوە قبووڵی مەکەن.. من قایل نیم.. گوڵاّ نەهاتۆتەوە ئەوێ.. هەرگیز گەر لە بیابانێکی لە خۆیان غەریبتر دا مردبن بۆ ئێمە ساناترە.. ئای گوڵاّ.. وەی سوورە گوڵاّ.. تۆ لە کوێی.. من ئەوەتام لێرە.. هێشتا بە دیار دەرگای مەینەتەوە سامرم ئێستاش خۆم بە پاسەوانی

ئەو باخە دەزانم کە ئەوەتا لەو دیوەوە.. هێشتا بۆنی گوڵا دەمباتە ئاسمان.. ئەوەتام لێرەم تووڕەتر لە بای وەشت بە دیار ئەو وێنەیەوە شەوانە تاس دەمباتەوە کە بەرلە ون بوونت بە ڕۆژێ لە بەر دەم کانییە شیرینیەکەی بناردا گرتت و داتمێ.. ئای گوڵێ.. من چۆن باوەڕ بکەم.. تۆ بە بەرچاوی ئەبۆلهۆلەوە.. پیاوە بەدبینە ئەسمەرەکان بە زۆر ئەتکت دەکەن.. من قایل نیم.. قبووڵم نییە.. خودایە لە دوای ئەم نوێژەوە دەیڵێم قبووڵم نییە. منی عەبدی زەلیل قبووڵم نییە چارەنووسی گوڵا و ئەوانی تریشم قبووڵ نییە.. ئێوەش نەتەوەی بیابان نشین پڕ بەدەم هاوارتان لێدەکەم پەنجەی گوناە و تاوانتان بەرەو ڕوو دەکەمەوە ئەو کاتەی گوڵا و دەنگی کپکراوتان بە بەرچاوی دنیاوە لە دەعبا و دێوەزمەکانی ئێرە کرِی..

قبووڵمان نییە.. قبووڵم نییە.. قبووڵمان نییە.. قبووڵم نییە..

(دێت و دەچێت و بەرز دەبێتەوە و دەکەوێت و لە سەر ئەژنۆ دادەنیشێ و نزیکە لە گریان) قبووڵمان نییە، قبووڵم نییە.

(پاش ماوەیەک لەهێمنی لەپرتاو لایتی لێ دەدرێ و دەنگی هۆڕن دێت خێرا خێراو لەسەر یەک، پاسەوان هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڕوانێ) کێی تۆ کێی؟ چیت دەوێت (دێتە پێشەوە) کێیت ئا ببورن ببورن نەمزانی فەرموون.. فەرموو (دەچێت دەرگا گەورەکە

دەکاتەوە) فەرموون.. من بڕستی یەک شەقی ترم نەماوە.. دەزانم ئێوە پیاوی پیاوەگەورەکەن کەمنی لێرە کردە پاسەوانی دەرگاکە.. نا نا ئەزانم.. ئەگەر نا پشتان کوشتمایە نەمدەهێشت پێ بنێنە ئەودیوەوە.. دەتانناسمەوە.. ئەو شەوەش هەر خۆتان بوون بەڵام بێ فرمانی ئەو پیاوە گەورەیە هاتبوون.. (دەرگاکە دادەخاتەوە) هێی ژیان تۆ لەکوێ و من لەکوێ نازانم بەچ روویەکەوە داوات لێ دەکەم جێم نەهێڵی.. من دەبوو لەمێژبێ چنگێک خۆڵەمێش بم.

(لەودیو دەرگاکەوە لایت لێ دەدرێ و دەنگی هۆرن دێت خێرا و لەسەر یەک.. بەناچاری دەرگاکە دەکاتەوە و وەک ئەوەی ئوتومبێلەکە بەخێرایی بەلایدا تێپەڕێ و خۆی دەنوسێنێ بە قەراغەکەوە و ئەبڵەق بووە لە دەسرێک دەڕوانێ کە لەناوەڕاستی دەرگاکەدا کەوتووە لەپرتاو بەری دەدات و دەسرەکە هەڵدەگرێ و بەتووڕەیی و نزیک لەگریانەوە دێتە پێشەوەی شانۆکە) نابێت نا درۆیە من نا نا نە٥نە٥.. نە٥من نیم ئەمە ئەوە من نیم.. مانای چی.. وانییە ئەو پیاوێکە شەرەفمەندی شەرمی لێ دەکات.. کەواتە من ئەم ماوە دوورو درێژە.. نە٥نابێ.. بەڵام من ئەو بۆنی عەترە دەناسمەوەو ئەم دەسرەم پێ غەریب نییە.. تۆ بڵێی.. من ئەم عومرە پاسەوانی دەرگای سۆزانییەکم و هیچی تر. کە دەرگا نەما نهێنی

نامێنیٚ.. کە ئەفسونی دەرگا نەما هیچ شتێک نییە ناوی نهێنی بێت.. بەڵام نابێت عومرێکە من پاسەوانی دەرگای سۆزانییەک بم.. گوڵێ.. ڕێی تێناچێت.. هیچ شەرعێ ئەمەی قبوڵ نییە.. ئارامی پێغەمبەرێکم هەبێت بەشاباری ئازاری وانایەم.. گوڵێ.. وای لەگوڵێ

(دەچێتەوە سەر گۆرانییەکەی سێوە) ئەوەتا هاوڕێ بوغراکانم.. هـاوڕێ شەهید و کۆچکردووەکانم.. دواجار من گرەو لەژیان دەبەمەوە.. دواجار بۆ ساتێک دەستم کردە ملی پەرییەکی شۆخ و قسەکانی ئێوەم لەسەر خۆم لادا..بەردی مەتەڵەکە قورسەکانتانم توردا و یاقوتی ئەم ژوانەم لەمل کرد.. ئەوەتام لەو شوێنەی ئێتر ئەفسونی دەرگا نەماوە و لەگۆشەیەکی ئەم دنیایەم کەنهێنی بوون سیحری خۆی لەدەست داوە.. بە ئازارێکەوە خەریکم رەگی لەرۆحمدایە...وای گوڵێ..وای لەسورەگوڵێ...(دەنگی سێوە تێکەڵاوی دەنگی دەبێت و هێدی هێدی لەناوەراستی پێشەوەی شانۆکەدا لەسەر چۆک دەکەوێ و چاولێک دەنێ.. بارانێکی بەنمە دەبارێ و تێکەڵاوی گۆرانییەکەی سێوە دەبێت)

وردە وردە تاریکی باڵ دەکێشێ.

**تەواو**